# ڕەمەقی نیگا



**نووسینی: ئەحمەد بەهرامی**

**ئەو چەند گڕکە و کالیارەگەیوەی لە قەرتاڵەی بەرهەیوانەکەمانە بۆنە نەرمەکەی حەساری داگرتبوو. ئەو بۆنەهێمنە وێنای فەسڵەکانی ساڵی لە خۆیداکۆکردبووە. کە گڕکە و کاڵەکی دێمەکان دەگەیین ئیدی وەک جاران لووت بەخەیارو ترۆزییە مل باریکەکاندانا‌هێنین. ئەوەتەی بێستانی دێمەکە گەیشتوون بەلای دێراوی خەیارەکاندانەچووبم. لای نیوەڕۆبوو. باوکم لەولاوە هات چەند بەڕوولە خەیاری بەدەستەوەبوو هێنایی لەسەر کەشەفێکی دانا گوتی: بۆتەقوزەڵقورت! ئائا شەختەی گەولاێژ لێیداوە تاڵی کردووە تەواو بەڵکی خواردن نایەت.**

**بەڕوولەخەیارەکانی باوکم گلەیی لێیان بوو لای زۆری گوندیەکان بەساڵ دەست نەدەکەوتن. دایکم دانەیەکی دەستدایە بڕێک**

ئەمبارەوباری دەکات بزانێ چ گۆڕانێک تێیداڕوویداوە وا تاڵ بووە. وەک هەناسە و لووتی ئەو ئامێری تاقیگایە دەزانێی هۆی ئەو تاڵییەکەچییە، ورد سەیری دەکا. بڕێک بۆنی پێوەکرد هەڵیمژییە ناوسنگی. سەری تەکاندا وەک هیچ عەبی نییە، گوتی: ناهیچی نییە توێخوڵەکەی پاکدەکەی تاڵییەکەی لادەبا. باوکم چەندجارێک لێوی لەژێرمووی سمێڵی کرۆشت وەک جنێودەچوو: ئەرێ بەسەری خۆم لووتی نەجیب چاویلکەی دکتورە هەموو عەبیەکان دەبینێ.

ئەوە پیشەی هاوسەرەکانە دەبێ بۆ دەست پێکەی قسەکانیان بڕێک زۆرانی قسە بۆ ڕاوتەگبیرەکانیان بگرن. ئێمە بەشەڕە قسەی دایکم و باوکم دەکەوینە حیتەوپڕمەی پێکەنین. دایکم قسەی پێنییە وەڵامی باوکم بداتەوە دەڵێ: ئائا تۆ لە خوادادەوێ ساڵ وەرسووڕێ زوو پاییزبێ. بریا ساڵ سووڕی نەدەخوارد فەسڵی پاییزیش نەدەهات. بریا خەرمان و دروێنە کۆتایی نەدەهات. کوڕە ئەی هاوار خەرمان هەڵناگرین حەبیب بارگین و هێستر کورتان دەکات بۆ کاروانی و هێنان و بردنی شتومەکی ئێراق بۆ ئێران و هی ئێران بۆ ئێراق.

ئەرێ حەبیب کە سواری بارگینە تازە ناڵ کراوەکەی بوو بڕوات بۆکاروانی، وادەزانێ بۆتە سەی عەتای گەڵباخی دژی شای تاران وێستاوە. باوکم دەزانێ چۆن دەماری دایکم بگرێ بیخاتە بواری بۆڵە و گازندە. ئەرێ بەڕاست ئەو شەڕە دەندووکەی دایکم و باوکم وەک خۆشترین زەماوەند دەزانین. ئەوەش بۆخۆی سەری قسەمان بۆ دادەمەزرێنی بەدم کارەوە بێتاقەتنەبین.

که باسی کاروانی و هێنانی کالانایابەکانی سنووردەکرێ، باوکم وەک ڕاوچی چۆن تاژییەکەی ناوبانگ دەردەکا و لە ناوڕاوچییەکان بەناوبانگە، ئاوا کەیف ساز وەک گوێزی ئازا خرمەی کەوشەکانی دەڕوا. ئێمە جارێ لەوخۆشیەیی باوکم و لە گازندەکانی دایکم تێناگەین. بەڵام تووڕەبوونەکەی دایکم وەک چەخماخەی شکاندنی بێدەنگیەکان بێ وایە. باوکم دایکمی هێندە خۆشدەوێ بەتووڕەبوونەکەشی پێدەکەنێ. ئەوەندە تێدەگەین هەرکات باوکم سەفەری پاییزەی دەست پێدەکات ماڵی ئێمە پڕە لە مێوژ و هەنجیر و خورمای ناوکیسەی تایبەت و کۆتاڵی نایاب و چایی و سابوونی زۆربۆن خۆش ژنانی گوند خۆیان بۆدەکوشت. ئەرێ بەهۆی تەبایی دایکم و باوکم ماڵێ ئێمە وەک سندوقی پڕلە میوە و شەوچەلەبوو.

باوکم دەست بەرچاوی دەدا: زۆرم پێخۆشە بەسێبەری نسێکان وادیارە وردەوردە پاییز نزیک دەبێتەوە، ئەوەش یانی گەورەبوونی جوچکەکانی دایکم لە دەست مردن دەچوون. خەلەوخەرمان کۆبوونەوە. بە نزیک بوونەوە لە پاییز کۆکردنەوەی خەرمان و خستنی تفاقی زستان قورساییەکە لەکۆڵ وەرزێڕو ڕەنجبەر دەبێتەوە. ئاخرنازانی هیلاکی دەست کاری گوند چ کوشندەیە. هیلاکی وات لێدەکات نەتوانی فێری ئەوەببی دڵخوازتە. هلاکی گوندەکان ئەوین و پێکەنین و بیرکردنەوەی بەسوود لە ڕۆحتا وردوخاش دەکات. ئەو هیلاکییە واتلێدەکات وەک سیری تەڕ لەهاوەنا کوترابی ئاوی جەستەی مرۆڤەکان وەک کوێرەکانی بەرەو وشکایی دەچێ.

ماندوویی دایکم و دایەگەورەم و ڕابەو مەجە دەبینم وەک گاجووتەکانی باوکم هانکەیان دێ. سەیری دیمەنی ئەو ژن و کچانە دەکەم لەبەیانی تائێوارێی وەک پەڕەی چیکەنە دەسووڕێن بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کاری مەزرا و ماڵ. کە دێمە نۆکەکان دەگات دەستەوامی ئاوایی دەست پێدەکات بۆ ڕنینەوەی بەرهەمی بەهاریەکان. سەرنجی گوێ ڕوباریی خوارئاوایی دەدەم دەستەدەستە ژن و کچەکان دەبینم سەرقاڵی شۆرینی پێخەفەکانی زستانن. ماڵەمەڕدارەکان خوری مەڕەکان دەشۆڕن ئەوان دەبێ یەکی تێڵایەک بەدەستەوەگرن بۆ کوتانی خوریەکان تاباش داماڵدرێن لەوچڵکەی گرتووەیانە.

خەڵکی گوند چەندە هیلاکان، ئاواش باوکم و دایکم دەبینم چەندە هیلاک بوون لە دەست دەسکەنەو توتن لە شیشەدان و کەوکردنی خەرمان و کۆکردنەوەی بەرهەمە جووتیارییەکەیان. ئەوەی باوک و دایکم دەیچێژن هەموو گوند ئەوە دەچێژن. بەزنییە باوکم جووتیارێکە دەتوانی نانی زستانمان بۆ پاشەکەوت کات! لەوەباشتر ئەوەیە باوکی من لەپاڵ وەرزێڕیدا کاری کاروانچێتی بۆ هێنانی کالا لە سنووری ئێران و ئێراق ئەنجام دەدات ئەوە هەر زۆرخێروبەرەکەتە.

باوەگەورەم ماڵێ بۆ هەموو کوڕەکانی جیاکردۆتەوە. مامەکانم وەک باوکم خۆیان خاوەن هاوسەر و کارو کاسپی خۆیانن. باوەگەورەم بەشی خۆی داناوە لەگەڵ نەنکم لە پەناماڵی ئێمە ماڵێکی خۆشیان هەیە. باوەگەورە و نەنکم زۆرسیاسەت مەدارن! بۆئەوە بێتاقەت نەبن و ئاگاشیان لەچۆنیەتی بووک و کوڕو نەوەکانیان بێت، بەنۆرە هەمووڕۆژ لە ماڵی کوڕەکانیان نانی

شەودەخۆن. مامە شەوکەت بەوەدەڵێ: خوانی کوێخای بنەماڵە. نەنکم قاقاپێدەکەینی. دەڵێ: شەوکەت لەترسی بۆڵەی ژنەکەی ئەو قسەی بۆ هەڵبەستووین.

باوکم بڕکەی کوولەکە و خەیارەکانی هەڵکەندووە لە جێگای ئەوان تۆوی چاندووە بۆساڵی داهاتوو نانی لێدەست خات. دوای کۆتایی جووتی پاییز و تاقەت کردنی زمهەڕ و خستنی سووتەمەنی بۆ زستان. وەک پیشەی باوک و مام و هاوگوندییەکانی ئێرە، ئەوەڵی پاییز تامانگی گوڵانی ساڵی داهاتوو باوکی منیش سەرقاڵی هاتووچۆی کاروانچێتییە بۆ بەخێوکردنی ئێمە. بۆ هێنانی کالا لە ئێراق ئەو هاتووچۆی سنوری پێنجوێن و چوارتای کوردستانی ئێراق دەکات. دەڵێن ئەوە خێری باشترە لە کاری وەرزێڕی. جاری وایە بەدوو حەوتوان خەبەرمان لێی نییە باوکم لە کوێیە و چی بەسەرهاتووە.

ئەمشەو لە ماڵی ئێمە قسە لەوەدەکرا چۆن منداڵەکان خوێندەواربن؟ بەگوێرەی قسەی باوەگەورەم دوای ململانێکی زۆری خەڵک و بەحکومی میری لە گوندی مێزەر قوتابخانەی لێکراوەتەوە. باوکم دەڵێ: ئاغای گوند پێیخۆش نەبوو منداڵی گوند فێری خوێندەواری بن. ئەو زۆری هەوڵدا نەهێڵێت قوتابخانەی میری بێتەگوند. بەرتیلی زۆری دا نابێ قوتابخانە بێتە گوند. سۆفی و ڕیش سپیەکانی تێگەیاندبوو خوێندن لە قوتابخانەی میری منداڵ فێری بێدینی و دوورکەوتنەوە لە نەرێتەکانی گوندە. لەگەڵ ئیسلاحاتی ئەرزی ئیسلاحی خوێندنیش دەستی پێکرد دەبێ قوتابخانەی مەدەنی لە جێگای

حوجرەکان وانە فێری منداڵان بکەن. قوتابخانە لەگوندی مێزەرکراوە. مامۆستای وانەکوتن بەناوی سپای دانیش هاتەگوند. دایکم زۆر دڵی خۆشە ڕابە و مەجەی خوشکم وەک منداڵی گوند قوتابین دەستیان بەوانە فێربوون کردووە. سەرەڕای ئەوە ئاغای گوند مەلای هاندابوو خەڵک حاڵی بکات چونە قوتابخانەی میری حەرامە. ئەوەی دەیخوێنن فێری بێدینی و لادان لە مسوڵمانەتیان دەکات. ئەشرەف بەگ بەرتیلی دەدا کاربەدەستانی پارێزگا قوتابخانەی گوندی مێزەر داخەن. بەڵام حکومەتی میری بڕیاریدا دەبێ لە هەموو گوندەکان قوتابخانە لەبری حوجەرەکان وانە فێری منداڵان بکەن.

وەک زۆری خەڵکی گوند باوکم شەرتی کردووە دەبێ هەردووک کچەکەی ببنە میرزای گوندی مێزەر بتوانن ببنە مامۆستای قوتابخانە. ئەوان بەیانان یەکی پەرتوکێک و لێنووسیەکی بەرگ دڕاو و پێنوسێکی داریان دەخستە کیسەکەی نەنکم وەک دیاری بۆی ساسکردبوون. ئەو پەرتوکەی ئەوان هەموو ڕۆژ بەکۆڵیاندادەدا پڕبوو لە پۆلێک وشە و چەند وێنە، کە بەیانی ناوەرۆکی پەرتوکەکەی دەکرد زۆرلایان خۆشەویست بوو.

هەرچەند نەنکم بۆخۆی کیسەی بۆ پەرتوکی قوتابخانەی ڕابە و مەجە دروست کردبوو. بەڵام نەمدەزانی بۆچی جنێوی بەو کەسانە دەدا ئەو پەرتوکانەیان نووسیوە! کە ڕابە سەرقاڵی مەشقی قوتابخانەی دەبوو بەدەنگی بەرز وشەکانی بەیان دەکرد، نەنکم دەنگی هەڵدێنا: هێواش کچەتیو دەڵێی فروجی قرتەتدێ. ئاخر مەگەر تۆ نازانی کە من نوێژ دەخوێنم نابێ کەس دەنگ بەرزکاتەوە. بۆ تێناگەی هەی بەنەحلەتبی لەگەڵ ورتەی تۆ

شەیتان دەپەڕێتە ناوخوێندنی دوعاکانم. نانا ئیدی هیچ فایدەی نییە لەبەرخودادەپاڕێمەوە لەبەرورتەورتی کچی حەبیب! بێدەنگ هەی لەڕیشی بابی ئەوە ڕیم ئەو قسە شەیتانی و کوفرانەی نووسیوە بۆ گەوجاندنی منداڵی ئێمە.

بەگرژی ناوچاوان و هەناسەی باوکم دەزانم ئەو لەوقسەی نەنکم قەڵسە. بەڵام ڕێزی گەورەیی و دایکی وەک قوڕدبەدەمی باوکم دادابێ وایە فزەی نایەت. ئەو هیچ لەڕووی دایکی ناڵێ. لەبەرهەیوانەکە کورتانی هێستر و بارگینەکە ئەمبارەوباردەکات تا ئامادەیان کات بۆ چونە کاروان بۆ هێنانی برێک کالای قاچاخ و دەست خستنی برێک دراو بۆ ژیانی ئێمە. باوکم دەزانێ ئەوە قسەی ئەشرەف بەگ و مەلای گوندە وەک دەردی گولی تێکەڵ هەناسەی خەڵکی دەکەن تاوەکوو کەس لە گوند فێری خوێندەواری نەبێ.

باوکم لەوبۆڵە و جنێوانەی دایکی توڕەیە. وەک وەڵام بەقسەکانی دایکی شەقێک لە پاڵوی کورتانی هێسترەکە هەڵدەدا: ئائا نابێ منداڵەکانیشم فێری خوێندن بن تا وەک من خەریکی هۆهۆی دوای گاجووت و هەڵاتن بەدوای بارگین و هێستربن بۆ هێنانی دوو کیسە خورما و چەند قاڵب سابوون. هەی کەللەسەری باوکی ئەشرەف بەگ و مەلا بەسەگان دەگێم وا بەتۆمەت و جێنودان دژی فێربوون و چاوکرانەوەی خەڵکیان کردۆتە وانەی ئەخلاق و مسوڵمانی خۆیان! ئەو قوڕمساخانە خۆیان سفرەیان پڕە. سەروەتی گوندیان لەبەردەستە. کوڕی خۆیان لە زانکۆو قوتابخانەی سنەو کرماشان و تاران خەریکی فێربوونی ئەوەن میری جاڕی دەات، کەچی لەگەڵ فێربوونی ئێمە شەڕدەکەن؟ دایە

تۆدەبێ شکورانە بژێربی لەوەی نەوەکانت فێری وانەی سەردەم دەبن ئیدی کچی ئەشرەف بەگ و حەمید ئاغا نەتوانن خۆیان لەسەربادەن. ئەی هاوار کەی مەخلوقاتی ئێمە کیسەی ئەقڵیان دەکرێتەوە.

باوکم ناڕاستەوخۆ وەڵامی توڕەیی و گازندەی دایکی دەداتەوە. نەنکم هەست بەوبێزارییەی باوکم دەکات. بەڵام ئێستا ئەو ناتوانێ ئەوەهەڵبژێری بەقازانجی نەوەکانیە. ئەو بەوە گۆج بووە لەگەڵی ڕاهاتووە. جارێ من لەتوڕەیی نەنکم و وەڵامی باوکم حاڵی نیم. نازانم بۆدەرکی توڕەبوونەکەی باوکم ناکەم ئەو دوانە لەسەرچی لەبەریەکن.

تائێستا لای من چینەی مریشکەکان لەسەرکۆگاخۆڵەکە وەک سەیری شاشەی تەلەڤزێون و خوێندنەوەی گۆڤار دەچوو بۆم. ئەوە خۆشترین وانەی ژیانە تێیدادێمودەچم. ئەو ڕۆژانەی ئێمە ژیانێک بوو لەگەڵ حەقیقەتی سروشتێک تێیدا لە دایک ببووین بۆمان ئەوەبوو لەدنیای ئێمە ئەوەهەیە. چینەی پەلەوەرەکان ئەو یاریەبوو ئەمڕۆ پێیدەکوترێ یاری ئامێرەبێڕۆحەکان.

کاتێک لە گەمەی سەرکۆگاخۆڵەکەی خوارماڵی دەگەڕامەوەماڵ، وەک ئەو سمۆرە دەچمم تازە بە کۆڵێک تۆزو خۆڵ لەسەرپشت خۆم بەحەسارادەکرد لەڕیزی خوشکوبراکانم لەگوێی تەندورەکەی دایکم دایگیرساندبوو دادەنیشتم. دایکم چێشتی شۆرباولەپەی بۆ لێناوین. دوو دەنک یاڕەڵماسیشی قاش کردووە لەگەڵی خستووە.

گوێ تەندوری هێمن دوور لە منداڵی بزۆزو سەرەڕۆ مەودای پشووی پێدەدای. دایکم نان بۆ ئێمە لە قاپەکەی بەردەممان دەکات. ئەو مریشکەی لەبەرهەیوانەکەیە ئەویش بەدەندوک ئەو ورکە نانەی ناوکاسە گڵەکەی بۆیان داندراوە بۆ جوجکەکانی وردەکرد تا بۆیان بخورێت. جوجکەکان کوڵکن و خڕبوون لەئێستاوە باڕۆکە و کەڵەشێر لێیان دیار. جوجکە کەڵەشێرەکان لە ئێستاوە لاق دێژو پۆپەخڕ خەریکن خۆیان بەسەر باڕۆکەکان فەڕزدەکرد. دایکەکەشیان زۆرتر دانی بۆ نێرەکان ورددەکرد و دیخستە بەردەمیان!

دایکم سەیرێکی مریشک و جوجکەکانی دەکات. چاو لە ئێمە و ئەو نانەی بۆی داناوین دەکات. ڕوو لە باوکم دەکات دەڵێ: حەبیب چاولێکە ئەو مریشکەش لەبیری وەجاخ ڕویندایە. باوکم پاروەکەی دەمی بەخرێکانی دەهاڕێ و سەرێک بۆ قسەکەی دایکم دەلەقێنێ. واتە لە نەرێتی ئاین و پیاوەمەزنی نێرەکان وەجاخن! وایە ئەوەتا فامم کردووە هەر دەڵێن کوڕ وەجاخی بنەماڵەیە. واتای وجاخ لام بۆتە جادووی هەڵفڕینی فڕۆکە و کۆبوونەوەی قاژوەکان لەدەوری دوکەڵی لولەکوەرەکەی سەربانی گوندەکان! ئەو سواڵکەرانەی بە گوندەکاندادەگەڕێن ئەو کەسەی خێریان پێدەکات دەڵێن: ڕەبی وەجاخداربی.

پرسیاری وەجاخ و کۆبوونەوەی قاژوەکان لە دەوری لولەکورەکەی ماڵی مامم بۆم بۆتە وەهمێکی سەیر دەبێ یەخەی نەنکم بەرنەدەم تا وەڵامم نەداتەوە. دوعای سواڵکەرو وەجاخ. ئەوەی لە فەسڵی زستانان زۆرسەرنجی خەڵکی گوندی ڕادەکێشا

**کۆبوونەوەی پۆلێک قاژوقشقەڕەبوو لەدەوری لولەکورەکانی لە سەربانییێوە دوکەڵی کورەکەیان دەکێشادەرێ.**

**کاتێک سەرمادادەهات کورەی ماڵان دادەگیرسا، هەرکە دوکەڵ لە لولەکورەکان بەرزدەبوونەوە، پۆلێک قاژ و قشقەڕە لەدەوری لولەکورەی سەربانی کۆدەبوونەوە خۆیان دەم دوکەڵی زارکی لولەکورەکەدەدا!؟ ئەوە ببووە جادووی بێ وەڵام کەس لەوەنەدەگەیشت! پیرو سۆفیەکانی گوند سەدان نەقڵ باس دەکەن دەڵێن: بەگەرمایی لولەکورەکە پەلەوەرەکانیش ترسناکی ئاوری جهەندەم تاقی دەکەنەوە. تاقمێک دەڵێن: ئەوانەش وەک مرۆڤە سیغارکێشەکان فێری دوکەڵن. لەسەرئەوە ژنە بەساڵاچووەکان لە سۆفی و پیاوەکانی گوند ژیرترن ئەوان دەڵێن: پەلەوەرەکان بە خۆدانە بەردوکەڵ حەشەڕاتی ئەندامیان پاک دەکەنەوە. ئەو دوکەڵە دەرمانی ئەو ئازارانەیان دەکات نەخۆشیان دەخات.**

**نەنکم گەورەی ماڵە وەک ڕەچەتەی وێنای ڕێنوێنیەکان بۆ هەمووشت پرسوڕاکان بەرۆکی ئەو دەگرن. بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە منیش بەرۆکی دەگرم: ئەرێ دایەگەورە واتای وەجاخ چییە؟ ئەی بۆ ئەو قاژو قشقەڕانە خۆیان دەم ئەو لولەکورانە دەدن خۆیان دوکەڵاوی دەکەن؟ نەنە چاوی چکۆلەیە. بەڵام ڕوومەتی پان و گۆشتن چاوی زۆر ئەنتیکەدەنوێنن لەژێر برۆباریکەکانی. سەیرم دەکات: سەلکت بەقونی ئەسپەکەی بابت ئەرێ وەڵا وەدەزانێ مەلای دوزادە عیلمم. نەنە برێک چاوم لێدەکات وەک ئەوەی لێم بەگوانە لەسەر ئەو پریسارە. بەو مقاشەی دایم پۆلووی زارکی کورەکەی پێ ئەمبارەوباردەکردن**

ئێستاش خەریکی چەند پۆلوویەک بوو زارکی هەوای کورەکەیان تەنی بوو.

بەبێ ئەوە چاوم لێبکات: وەڵا ڕۆڵە هەرئەوەندەی لێدەزانم دەڵێن وەجاخ یانی میراتگر و نەوەخستنەوە. ئائا یانی ئەگەر تۆبوویە باوک و منداڵتان بوو ئەوە دەبنە وەجازی حەبیبی باوکت. قسەکەی نەنکم هێڵی کۆتایی وەڵامی پرسیارەکانە. بەقسەی نەنکم بزە دەنیشێتە لەسەرلێوی دایکم. بەدەرکەوتنی ددانی دایکم لە نێوان لێوەگۆشتنەکەی دەزانم کەیفی بە قسەکانی نەنکم دێت. دایکم ژنێکی ژیرو سیاسەتمەدارە دەزانی چۆن دڵی خەسوو ڕادەگرێ. ئەو ژیریەی دایکم وادەکات نەنکم زۆر لە دایکم ڕازییە زووزوو سەری ماڵی ئێمەدەدا لەگەڵ دایکم بەردەبنە قسە و زەمی خەڵک. ئێستا ئەو قسەی نەنکم دەرمانی دڵی دایکمە.

لەوقسانەی نەنکم تێدەگەم بەرگری و هێزی کارکردن پیاوی کردۆتە پاڵەوانی ڕۆحلەبەرەکان. واتە ئەقڵ و بیرکردنەوە جێگای خۆی داوە بە زۆرو هیز. ئەوە وادەکات ژن وەک کۆڵەکەی ماڵ و بەرهەمهێنەری مرۆڤ، کە باردار‌بوو بێجگە لەخزمەت و دابینکردنی ویستی هاوسەر و منداڵ لە هەمووشت خانەنشینە. ژن دەبێ ببێتە پاککەرەوە و کەندووە نانی ڕۆژانەی بژێوی منداڵ و پیاو و میوان. بۆیە عەرزهەڵکۆڵین و جۆماڵ و ڕاوو کاروانچێتی و شەڕ و سەربان ماڵین لەبەفر بۆتە ئەرکی پیاو، ژنیش زاوەزی و ئەرکی ناوچواردیواری ماڵ.

بەبێ ئەوە سڕی وەجاخ و میرات و ئەو یاسایانە بزانم و دەرکی بکەم بۆچی پلەی پیاو لەسەروی ژنە! وەک هەموو گوندیەکان ئێمەش حەوشەیەک مریشک و قاز و قەلمان هەیە. بە

کەڵەشێرەکەی خۆمدادەزانم خوڵەقەتی پیاو چۆنە. بەڵێ کەڵەشێرەکەی هەمانە ئەو پیاوی میریشکەکانی ئێمەیە. وەک چۆن لە ماڵی ئێمە لە ناوخێزان و ماڵ نەنکم بەسەر باوەگەورەمدازاڵە. بەڵام وەک ژن ئەو لەژێرفەرمانی باوەگەورەمە. باوەگەورەیە نوێنەری بنەماڵە لە ناوگوند و دەرەوەی گوند. نەنکم تەنیا خاوەن دەسەڵاتی ناو ماڵ و حەسارە.

بەپێی سروشتی هێزی پیاو و کەلتوور و یاسای ئاینەکانی حکوم دەکەن، ئەوەوادەکات لە وڵاتی ئێمە لە شارو گوند کوڕ جگەلەوەی میراتگرو وەجاخە هێمای دەسەڵاتە. بەڵام نازانم سڕی ئەوهەست و هیوایە چ بوو باوکم زۆر دڵی بە ڕابەی خۆشکم خۆش بوو. کە دایکم لەهەوێڵدانەدەبوو کارێکی تایبەت و تەگبیرکردن بەرۆکی باوکمی دەگرت، سەرم سووڕدەما ئەو پرس بە ڕابە دەکات! نەنکم لەمە قەڵسە دەڵێ: حەبیب ژنانێی کوڕم کچی لێکردووینە وەکلی حیسابات.

ڕابە کچ بوو، بەڵام لای باوکم لەسەرووی هەرسێ کوڕەکەی بوو. کچێک تازەدەگاتە نزیک باڵەخ بوون. خەریکە مەملی لەژێرکراسە حەریرەسەوزەکەی قوت دەبنەوە. قژێکی خورمایی لەژێر دەسماڵەکەی سەری شۆڕبوونەوە سەرشانی نەرم وەک شەدەی هەوشاردەبریقێتەوە. چاوەگەش و کاڵەکانی وەک لامپی ناو لێڵی ئێواران لەژێر برژانگە پڕوجوانەکەی دەدرەوشنەوە. چوستوچالاک وەک هەلوک سووک ڕادەپەڕی بۆ ئەرکەکانی لەسەرشانین. ئاواش لەفێربوونی وانەکانی ژیربوو. لەبەرجوانی و ژیری باوکم ڕابەی ناونابوو خاسەکەو. خاسەکەوی ئێمە ئەوەڵ کچی گوندبوو پێیناقوتابخانە بۆ خوێندن. مەجەش دەیخوێند،

بەڵام ئەو تەمبەڵ بوو زۆرتر حەزی لە خەوتن و گوڵدۆزی بوو. هەرچی پەردە و دەسماڵ و پەڕۆی بوومان مەجە گوڵدۆزی کردبوو. هەرکەس دەچووە شاری دەبوو چەند گلۆڵە داوی گوڵدۆزی بۆ مەجەبێنن.

بەرلەوەی بچمە قوتابخانە و تەمەنم بگاتەکاتی خوێندن، ڕابە فێری خوێندن و ناسینی زۆربەی وشەکانی پۆلی سەرەتایی کردبووم. ئەو لەمەجەی خوشکە گەورەمان منداڵتربوو، بەڵام زۆرلەو زیرەکتربوو. خاسە کەو زۆر سەرکەوتانە پۆلەکانی خوێندن دەبری. ئەو پەرتوکانەی لە ڕەفحەی قوتابخانەیە خاسەکەوی ئێمە شەوان دەیهێناوە بۆماڵ دەیخوێندەوە. بەبۆنەی خوێندنەوەی زۆر ڕابە شەوان هێندە درەنگ دەنووست چرالامپاکە تەڕایی نەوتی تێدانەدەما. زۆرجاران پلیتەکەشی دەسووتا. دایکم گازندەی ئەوەی دەکرد ڕابە هێندە درەنگ دەنویَ نەوتی لە ماڵدانەهێشتووە! باوکم شانی هەڵدەتەکێنیَ. مژ لە سیغارەکەی دەدات: بۆ پێت ناخۆشە کچەکە فێری بابەتی تازەبیَ! سەد گالۆن نەوت و دەمیتر پلیتە بەقوربانی چاوی ڕابەبیَ.

ڕابە نازناوی خاسەکەویان لێناوە. ئەو شارەزای زمانی فارسیە بۆتە وەرگێڕی بنەماڵەکەمان. نامە بۆ نیوەی خەڵکی گوند دەنووسیَ. کاتێک لەگەڵ نەخۆشەکان دەچووە شاری بۆ وەرگێڕانی قسەکان لە کوردی بۆ فارسی لای دکتورەکان هەموو خۆیان بەقەرزداری ڕابەدەزانی.

هەرچەند نەنکم کوڕی پێش کچ دەخست و کوڕی پێهەوبوو. بەڵام کە ڕابەی دەدی لای دکتورەکان وەرگێڕی بۆ قسەکانی دەکا و منەتی کەس هەڵناگریَ. دەیدی ڕابە لە کوڕەکانی خۆی و لە ئێمە

وریاترو ژیرتربوو بۆ هەمووشت بە دەمیانەوەبوو دەیگوت: بەخودا مەگەر خاسەکەوی حەبیب لەوسەگبابە زمان چەوتانە تێبگات دەڵێن چی. دەی ئافەریم وەڵا دەکوڕان دەهێنیٚ. ئەو دیلمانجی هەموو بنەماڵەکەمان بوو بۆ لای دکتور و کاری ئیداری و نامەنووسین و خوێندنەوە.

لەگوند خوێندەواری زۆرکەم بوو. ئەگەر کۆلکە میرزایەک دەست کەوتایەت نیعمەت بوو. تازە خەریکە منداڵی خوێندەوار لە گوند سەوزدەبن. ئەو ماڵانەی کوڕیان لەسەربازی بوو یان لە شارەکانی دوور کاریان دەکرد، ڕابەی خوشکم نامەی بۆ بنەماڵەکانیان دەنووسی و بۆشی دەخوێندنەوە. باوکم و باوەگەورە و دایکم و نەنکم هەرکات لازم بوایەت ڕابەیان لەگەڵ خۆیان دەبردە شار بۆ ڕاپەڕاندنی کاری ئیداری و دیلمانجی لای دکتور و ئیدارەکان.

ئەمجارە منیش شانسم بۆهەڵکەوت لەگەڵ باوکم و ڕابە چوومە شاری سنە. ئەوەڵجارە شاری سنە دەبینم. شاری سنە کوردستانی ناوە هەموو کوردەکان پێیان سەربەزییە شاری ئاوایان هەیە. کرماشانم نەدیوە دەڵێن ئەویش لەگەڵ هەمەدان مەرکەزی دەسەڵات و حکومڕانی کورد بوون. بەڵام نازانم بۆ ئێستا لە کورد سێندراونەوە!

لە ماڵی ئێمە تەنیا باوەگەورەم و نەنکم مێژووی ئیمارەتە کوردەکان دەزانن. وەزیریەکان، ئەردەڵانیەکان، بابانی، جاف، کەلهوڕ، سەلاسیەکان، یارسانی، هەورامی، گۆرانی و کرمانج. ناوی سەنجەرخان وەزیر و خەسەرەوخان و حەسەن سوڵتان و هەورامیەکان وەک بەیت دەگێڕنەوە. ئەوەی دەیگێڕنەوە زارەکی و

بەقسەیەک نەک لەڕووی پەرتوک! وەک دیارە کەس مێژووی کوردی لە پەرتوکی کوردیدا نە خویندۆتەوە لەلایەن حکومەت و دەسەڵات کاری بۆکرابێ. لەگوندی ئێمە کەس باسی پەرتوکی کورد و وانەی کوردی ناکات. ناوی وا نابیستی کامە پەرتوکی کوردی هەیە و ناوی چییە! نە مەلای گوند نە ئەو یەک دوومیرزایەی هەیە کەسی گوند نازانێ بنووسن جوان، ناشیرین، لەبار، ئەوین، گۆنا، پشکۆ، ڕشد، هەڵدێر، لاپاڵ، گەڵاڕێزان، ڕەشەمە، بەفرانبارو ڕێبەندان! نا ئەوانە هەرناوی نییە؟ ئەوەی لەلاپەڕەی پەرتوکەکان دیارە فارسی نووسراون تاریف لە شاو وەزیر و سەرۆکی سوپا. ئەسڵەن کە دەچینە قوتابخانە زۆری پێدەچێ تا لە مامۆستاکەی وانەمان فێردەکات تێبگەین.

ئەوەتا لەگەڵ باوکم و ڕابەی خۆشکم چومە شاری ڕۆحم بۆتە ئەوینداری شەقام و بازاڕی شار. تریفەی چراگازیەکانی کۆتاڵ فرۆش و دوکاندارەکان لە دوکانەکان دایان گیرساندبوو لام زۆر سەرنج ڕاکیش بوو. شەقامەکان لە ئێواران وەک ئەو دارقەیسیانە دەچێ تازە بەریان هاتۆتە گەیشتن. لە گاراج هاتووینەدەرێ بە شەقامەکاندا گوزەردەکەین. بەردو ئیسفاڵتی شەقامی چوارباخ تازە لەلایەن سبوورەکان خاوێن کرابۆوە. بریقەی بەردە تاشراوەکان لەژێرتیشکی خۆر وەک کۆلکەزێڕینەی کۆیستانی بەهاری مێژەربوو. ئەو کالایەی لەگوندەکان هاتبووە بازاڕی شار، لەلایەن سەدان دەست فرۆش کراونەوە لەگوێی شەقام چندراوە بۆ مشتەریەکان.

دەڵێم ڕابە خۆزگە برێک لەوپاکوخاوێنی و فێربوونانە ڕووی لە گوندەکان دەکرد. خۆزگە وانەکوتنی مامۆستای قوتابخانەکەمان

بەدڵی خۆمان دەبوو. ئیدی ئەشرەف بەگ حکومی بەسەردانەدەکردین. دڵم وەک کەوشەتەنگەبەرەکەی پێم دەچوو لە قەفەزەی سنگم وێک هاتبۆوە.

بە ڕابە دەڵێم: یانی ژیان هێندە گەورەیە شار و گوند و بازاڕ و زانکۆو قوتابخانە و شەقام و پۆشاک و یاسایی ئیدارەی مودێڕن لە یەکی جیاکردوونەوە ئێمە پێینازانین. بۆ ژیانی گوند بەبێ هیچ کەرەسەیەکی سەردەمیانە هەنگاودەنێ. وادیارە ئەوەی لە شارەکان هەیە خودا بە پلەبەرز و ئەو مەخلوقاتەی ڕوادەبینێ لە یەک جابوونەوە. گوندو شار؟ بەڵام ئێمەی گوندی نای بینین! ئەی بۆ منداڵە شاریەکان وا سوک سەیری ئێمەی گوندی دەکەن. وادیارە گوندییەکان هەر ڕعێتەکەی چەندساڵ لەوەبەرن ئێستا دەرەبەگێکی مودێڕن بەناوی میری حکوم بەسەریاندادەکات.

لە پشت سەری باوکم هەنگاودەنێن بۆ پێوانی شەقامەکەی ژێرپێمان. گوێم لە پێکەنین و هەرای ئەوبەری خۆمانە. سەیردەکەم پۆلێک تازەلاو کۆبوونەوە کردویانەتە هەرا و قولە. گەمە بە چەند گوندنیشن دەکەن. خێراخێرا کلکی گوێدرێژی گوندیەکان دەگرن خۆیانی پێوە هەڵدەواسن.: ها متۆڕی هۆندایە گازیدە. بۆتە هەرایەک نەبێتەوە! گەورەوبچوک سەیری ئەو دیمەنەدەکەن وەک نێرەکەر دەم دادەچەقێنن قاقا لێدەدەن کەس ناچێتەپێش دەمکوتی ئەو نەفامانەبکات. زلزل دەیان کەسی دوکاندار و خەڵکی سەرشەقام بەو دیمەنەپێدەکەنن کەس نقەی نایەت بڵێ گەوجانە بۆ ئاوادەکەن.

منی گوندی وەک سەگی بێدەسەڵات تووڕەم. بەڵام هەرچی دەکەم دەسەڵاتی گازگرتنم لەیەک بێحەیانییە گەمە بەگوندیەکان

دەکەن. ئەوەی ئەمڕۆ لە ئەقڵی شاردادەمدی وادیارە مرۆڤی گوندی تەنیا کەرەسەیەکی بارهاتوون بۆ ڕەنج و کاری هەرزان خولّقاون. ئایا ئەوەی هەیە هوشیاری و ناهوشیارییە یان قەبوڵی نەریت و یاسای چەسپاوە مرۆڤەکان خۆیان ئەوەیان هەڵبژاردووە!

باوکم لە پێشمانەوە هەنگاودەنێ. ڕابە دەستی گرتووم تاوەکوو لە یەک هەڵنەبڕێن. ڕابە دەڵێ: سۆراب بڕوانە ئەو قوتابیانە لەحەوشەی قوتابخانەکەیان سەربەست یاری دەکەن. سەرهەڵبڕە کچ و کوڕ بەیەکەوە دێن و دەچن یاری دەکەن. پیاسەی سەرشەقام دەکەن. گوندەی ئێمە ئێستاش دەبێ ئەشرەف بەگ بڕیار لەسەر کرانەوەی قوتابخانەکەی بدات!

گوێم لە ئامۆژگاریەکانی خۆشکمە. هەستدەکەم ڕابەش لە دڵەوە قسەکانی من دەڵێتەوە. بێدەنگ سەیری چواردەوری خۆمان دەکەم. توشی دوکانێکی دەرک کراوەدەبین منداڵ و خەڵکی وەک ئێمە ڕووی تێدەکەن. باوکم ئاوڕمان لێدەداتەوە: ئەرێ ئەوە بۆ ئێمەش دەممان شیرین نەکەین. خولّقمان دەکات سەرو ساردەمەنیەکی ناو قوتومان بۆدەکرێ. وەک مشتەریەکان لەسەرکورسی دوکانەکە دادەنیشن. باوکم چاومان لێدەکات هەستدەکەم زۆری دڵ بە ئێمەخۆشە.

باوکم تازە سەفەری سنووری پێنجوێنی کردووە چەندبار کالای نایابی هێنابوو. لەوسەفەرەدا خێری باشی بووە. کە بەبازاڕی شاردا دەگەڕین هەستدەکەم زۆری دوکاندارەکان باوکم باش دەناسن. لەگەڵی دەکەونە قسە. قەراردادی هێنانی ئەو کالایەیی لە ئێراقەوە دێن لەگەڵی دەبستەن. مشتەریکەان بەسرتە دەڵێن:

لای سەلام عارف خورما و چایی باش هەیە. باوکم و ئەوانە لە یەک حاڵی: ئەگەر خێری باشم بدەنێ و دەمتان قایم بێ بیری لێدەکەینەوە.: ئائا کاکە حەبیب ئەرخەیانبە ئەوە سڕی خۆمانە.

دوای دووڕۆژ ئێوارێ دێمەوە گوندی خۆمان. گوند لە چاو شار زۆر ڕووتەڵە دیارە. تەنیا دڵم بەوەخۆشە دەڵێم گوندی مێزەر لەناو لێڕەوارێکی خۆش و سروشتی پاڵی داوەتەوە پڕە لەخزم و کەس. ئێستا جادی بۆکێشراوە ئوتۆمبێل جێگای وڵاخ و گوێدرێژی گرتووە. چومە قوتابخانە خەریکم بەیارمەتی ڕابە و مەجەی خوشکم وانەکان باش فێردەم.

لەگەڵ گازندەکانی ئێمە لەوجیاوازییەی لە نێوان شار و گوند هەیە باوکم دەڵێ: ڕۆڵە ئێستا ئیسلاحی ئەرزی لە وڵات ڕوویداوە. ئەوەی ئێمە سەربەست دەچینە شار بەدڵێ خۆمان کەباب و ساردەمەنی دەخۆین. ئەوەندە دراو لەگیرفانمان شک دەبەین پۆشاک و گرفتەبچوکەکانی پێچاربکەین ئەوە وەرسوڕانێکی خوادییە دەسەڵاتی سەرمایەداری پاڵی بەنیزامی فئێودالیەوەناوە ئێمە شوناسی ڕعێت لەسەرمان لاچووە بووینە جووت بەندە. بوینە کرێکاری سەربەست خۆمان جۆری کارکردن و شوێنی کارو ژیان دیاری دەکەین. ئەوە گەلێک زۆرە مرۆڤ لەعەبدەوە ببێتە مرۆڤی ئازاد خۆی دەتوانێ بڕیار لەسەربوونی خۆی بدات.

ئەرێ دەورگۆڕاوە پادشای گوندەکان خەسێندراون. گزیرەکانی بەگ بەرهەمەکانمان نابەن بۆ ئاغا. خەڵک دەتوانن بەدڵی خۆیان ماڵ و بینا دروست بکەن ئاغا ناتوانێ لێیان تێکداتەوە. ئەوە خەسێندراوی ئەشرەف بەگە قوتابخانە لەگوندی مێرە هەیە سوپای دانیش وانەی پێشکەوتووانە فێری ئێوەدەکات. قسەکانی

باوکم وادەکات گەشەی شار لەوگۆڕانەدا بخوێنینەوە پێیدەڵێن هاتنی نیزامی سەرمایەداری و ڕوخانی نیزامی دەرەبەگایەتی.

ڕابە بەو پەرتوکانەی خوێندونیەوە زۆر لە باوکم ژیرتر بیردەکاتەوە. هەموو هەواڵ و ئاڵوگۆڕەکانی وڵات لەلایەن ڕۆژنامەکان دەزانی. ئەوەی ئێستا بۆمن غەریب و نائاسایی بوو ئەو بەوردی سەرچاوکەی بۆ شیدەکردمەوە. لەگەڵ بەیانی وشەکانی ڕابە لەسەرچۆنیەتی گەشەی شار و لاوازی ژیان لە گوند لەوەدەگەم بۆچی ئەشرەف بەگ دژی خوێندن و بوونی قوتابخانەیە لە گوند.

ڕابە دێتەناو قسەکانی باوکم: بابە ئەو شۆڕشەی تۆ ئاماژەی بۆ دەکەی دەمێکە لە دەرەوەی ئێران پەرەی سەندووە. وابزانم شۆڕشی مەشروتە لە ئێران داگیرسانی ئەو شۆڕشەبوو تۆ باستکرد. شا لەترسی لە دەست نەچوونی زەویەکانی باوکی دەستی بۆ ئەو شۆڕشەبرد پێیدەکوترێ شۆڕشی شاوگەل. بەڵام لێرە نەریت و ئاین و فەرهەنگی دەرەبەگایەتی پێشیان گرتووە. وادەزانم گەشەی ژیان لە کوردستان خەریکە لەوئەزمونە دەست پێدەکات ئێران دەبێ خۆی لەگەڵ بگونجێنێت.

شای وڵات ناتوانێ بەبێ قەبوڵی شەرتی ئەو نیزامە سەرمایەداریەی لەدەرەوەی ئێران هەنگاودەنێ حکوم بکات. ئەوەی ڕوودەدات پیاوچاکی شا و دەرەبەگی ئێران نییە ئەو گۆڕانە فەرزدەکات. ئەوە ویستی کۆمەڵگایە ئەوەی بەسەر شا و دەسەڵاتی ئەمڕۆی ئێران فەرزکردووە. باوکم بە ئام و ئەم و وایە، وادیارە تەسلیمی قسە ژیرانەکەی ڕابەبووە.

**گفتوگۆی باوکم و ڕابە جۆرێک بوو من هەرلێی حاڵێم نیم. بەڵام باوکم واتامەزرۆیانە گوێی دابووە قسەکانی ڕابە ئاوا گوێی بۆ حەدیسەکانی مەلای مزگەوت شل نەدەکرد. ئاخر باوکم زۆر عەجایەبم ئۆگری خاسەکەی کچی بوو. ئاواش گوێی بۆ قسەکانی شلدەکرد.**

## هاتنی مامۆستای ژن بۆ قوتابخانەی گوندەکەمان

هاتووینەوە گوندی خۆمان. سەرهەڵدەبڕم دەورتادەوری گوند سەیردەکەم ڕیزەچیاییەکی بەرز وەک دیواری بەرد گەمارۆی گوندی داوە. مێژەر لە قورگی پۆلە شاخێک خۆی مەڵاسداوە تەنیا بۆ ئاژەڵداری و ڕاوچی و ئەوانەی خەریکی کاروکاسپی وڵاخدارین لەبارە. گوند وەک حەسارێکی بچوکە لەبەرچاوم. وەک زۆری گوندەکان لەگوندی ئێمەش دەستەیەک لە خەڵک بارگین و هێستری باشیان هەیە. ئێمە بارگینێک و هیسترێکی دووڕەگەمان هەیە هەشت پوت گەنم هەڵدەگرێ. بەبەخوێکردن و دەست لەپشتدانی بارگینەکە دەزانم باوکم ئەو بارگین و هێسرەەی لە گاجووتەکان بۆ گرنگترە! جۆو تفاقی تایبەتیان دەداتێ. هەموو ڕۆژ قاوشیان دەکێشێ. یالێان بۆ شانەدەکات. پاییزانیش کورتان و ژێرکورتانی تایبەتیان لای کورتان درووەکانی شار بۆ دابین دەکات. بەهۆی هاتووچونی زۆریش ساڵێ دوو تا سێ جار لای ناڵ بەندەکان ناڵیان دەکاتەوە.

کاسپکارەکان دەچنە سنووری پێنجوێن و باشماخ و بانە و مەریوان لەوێوە لە سنووی ئێران و ئێراق کالای نایاسایی دەهێننە ناوئێران. ئەری ئەوە لە زۆر کۆنەوە وەک کاسپییەکی تایبەت بۆتە پیشەی زۆری گوندو شارییەکان. دەبینم باوکم و ئەوانەی ئەو کارەدەکەن ماوەماوە گوم دەبن دوایە خۆیان و

بارگین و هێسترەکانیان پەیدادەنەوە. ئەوانە شتی نایاب وەک چای و شەکر و سابون و تیغی ڕیش تاشین و سەعاتی گران بەها لەگەڵ خۆیان دەهێنن.

لەگەڵ ئەوانە زۆرجاران ڕادیۆ و گڕامافۆنی ئەنتیکەش دەهێنن. لەناو ئەو شتانەی باوکم دەیان هێنێ نایلۆنێکی ڕەشە وەک دەوری دەچێ لەسەر ئامێرێک دەسووڕێتەوە دەنگی لەسەرە. ئەوانە گۆرانی و دەنگی سەیدعەلی ئەزغەر کوردستانی و حەسەن زیرەک و حەسەن سیساوایی لەسەرە. ڕەئیس پازگا پەڵپی لە باوکم گرتووە دەبێ ئامێرێکی لەوانە بۆ بهێنێ.

باوکم بە دایکم دەڵێ: نەجیب ئیشەڵا مامۆستای قوتابخانە زوودێتەوە بۆ ئیدامەی خوێندنی منداڵی گوند. : ئەرێ خوداگەورەیە ئیشەڵا قسەی ئەشرەفبەگ سەرناکەوێ بۆ داخستنی قوتابخانە. ئێمە وەک باوکم و دایکم هۆیەکەی نازاین بۆدەبێ بەپاڕانەوە قوتابخانەی گوند بکرێتەوە؟ ئەوەندەدەزانین فئێودال و دەرەبەگەکان موخالیفی کرانەوەی قوتابخانەی میرین لە گوند. ئەوەندەدەزانین ئەوان بونی قوتابخانە و خوێندنی منداڵی گوند بەکوفردەزانن. کەس نازانێ ئەو کوفرەچییە! غەیری ئەوە ڕەێعت و خەڵکی ئاسایی فێری خوێندن بن ئەوە دەبێتە کوفر و حەرام وبێدینی لێدروستدەبێ. سەرەڕای پیلانگێڕی دەرەبەگەکان لەدژی خوێندن، دەوڵەت حکومی کوردووە دەبێ لە گوندەکان قوتابخانە دامەزرێ. لەلایەن دەسەڵاتی میری بڕیاردراوە دەبێ هەموو ماڵێک چەند منداڵی بنێرێتە بەرخوێندن. ئەو مامۆستایانەی دێنە گوندەکان پێیان دەڵێن سپای دنیش. ئەوەی باشە گوندی ئێمە لەگەڵ هاتنی پازگا سپای دانشی

بۆهاتووە. مەجە و ڕابەی خوشکم پۆلی پێنجی سەرتایین. ئەمنیش تازە پۆلی دووم.

هاتنی پازگا هەرچەند کۆسپی بۆ کاری کاروانچی گوندەکان دروست کرد بەڵام ئەمنیەتی هێنا گوندەکان. قوتابخانە و خوێندەواری هاتە گوندەکانی کوردستان. تەنانەت برێک ڕێگاش خۆش بوو ناویان نا جادەی نوێ بۆ عبوری ئوتۆمبێل. ئیستا حەمەفەرەج باوکی سەیفەی هاوڕێم ئەویش ئوتۆمبێلی کڕیوە بۆ هێنان و بردنی موسافیر. بۆهۆی دەسەڵاتی میری و هاتنی پازگا و دامەزرانی دادگوستەری ڕێگری و چەتەگەری و زۆرداری دەرەبەگ نەمابوو.

ئەو مەئمورانەی لەلایەن حکومەت دێنە پازگا زۆریان فارس و تورکن زۆرکەم کوردیان لەگەڵە. پازگا هەرچەند دوو ئوتۆمبێلیان هەیە، ئەسپی چاکیشیان هەیە. ئێرە هەموو شاخ و هەردی نالەبار و چڕە تەنیا ئەسپ و پیادە دەتوانن باریکەڕێگاکان ببڕن نەک ئوتۆمبێل. ڕێگای ئێرە هیچ ئوتۆمبێلێک ناتوانێ عبوری پێدابکات. ئەسپەکانی پازگا بویان بۆ ڕاوی دزو گرتنی کاروانچی و کاری دەستوبردە. سەرەڕای گرتن و لەکیس چوونی کالا و زیندانی بوون و جەریمە، خەڵکی کاروانچی دەست بەرداری کاسپی قاچاخ و هێنانی کالای سنورەکانین. ئەو کارە دەبەرانبەری جووتیاری و کرێکاری قازانجی هەیە. خەریکە وای لێدێت ئەو خەڵکەی کاری قاچاخ دەکەن لەگەڵ ئەمنیەکان دەبنە دۆست بەدانی بەرتیل کاریاسانی بۆ کارەکەیان دەکەن. ئەو بەرتیلە بۆ ئەوان وەک معامەلەیە کاری کەسانی وەک باوکم یاسایی دەکاتەوە.

بەپێی ئەو ئەزموونەی هەیە باوکم و خەڵکی ئاوایی کەوتوونە سەرفێڵەکەی چۆن ڕێگای کارکردن بۆ خۆیان فەراهەم کەن. ئەوان فێری دانی بەرتیل بە پازگابوون بۆ ئەوە بتوانن کاری قاچاخی ئەنجام بدەن. هەرکات باوکم لە کاروانی دێتەوە و سەرکەوتوودەبێ، بەگوێرەی یاساکانی خۆی دەزانێ چۆن بەشی ڕەئیس پازگا و ئەو ئەمنیانەبدات دەستیان دەڕوات. دەمی سیوخڕەکانیش چەوردەکەن ڕاپۆرتیان لێندەن. باوکم بە گەروانکە چایی و قاڵبە سابوون و شەکر و تۆپەپارچەی جوان بەدیاری بۆ ڕەئیس پازگا دەبات. ناوی ناوە دیاری بۆ ژن و منداڵی سەرکار.

مانگی حەوتە تازە قوتابخانەی گوند کراوەتەوە. جارێ لە ماڵی ئێمە سێ کەسمان دەچێنە قوتابخانە. بڕیارە مامۆستایەکی زیادی بێتە قوتابخانەی گوند. هەموو بەیانیان دایکم زوو هەڵماندەستێنێ: دەی ڕۆڵە هەستن بافریای نانخواردن کەون و وادەی خۆی بچنە پۆلی خوێندنتان. ئامۆژگاریەکانی قوتابخانە بێجگەلەوەی فێری وانەدەبین، فێری پاکوخاوێنی و ئەخلاقی سەردەمیانەش دەبین. مامۆستای قوتابخانەی ئامۆژگاری کردووین توخن ئەو خۆڵە مەبن پڕە لە میکڕوب و نەخۆشی هەمەجۆر. دەزانم بەحاڵ لەسەرپۆل سەهلەنگاری بکەم دەکەومە بەرغەزەبی ڕابە. بۆ ئەوە وانەکانم باش خوێندبێ چاوی وەک داری فەلاقەی مامۆستا لەسەرم ئامادەیە. چەندە مامۆستا گوێم دەکێشی لەسەر چوونە کۆگاخۆڵ و ڕاوە سەگ و پشیلە، ڕابە دەهێندە گوێم دەکێشێ و ئاگادارم دەکات بۆ جوان وانەکان ناخوێنم. هاتووینەوە ماڵێ بۆ سەرفی نان و وەرگرتنی پشوو. لەپڕدەبێتە مقۆمقۆی کۆڵانەکەی تەنیشت ماڵی فەرەج: ئەوە چەند ئوتۆمبێلی غەریبە لەگەڵ ئوتۆمبێلەکانی پازگا گەیشتنە ئاوایی.

گورج کەوش لەپێدەکەین غاردەدین تابزانین چ قەوماوە. لەسەرپشتی باریکەڕێگاکەی ئەوبەری ئاوایی چەند ئوتۆمبێل لەگەڵ دوو ئوتۆمبێلەکەی پازگای ئاوایی دەگەنەناودێ. ئوتۆمبێلەکان ڕوودەکەنە ئەو کۆڵانەی ماڵی تازەی کارمەندی پازگای لێدەبن. چەندڕۆژە هەواڵی ئەوەبڵاوبۆتەوە سەرکارکازمی ڕەئیس پازگای تازەی ئێرە ماڵی لە حەمەسادق بەکرێگرتووە. ئوتۆمبێلەکان ڕێک دەچنە کۆڵانی ماڵی حەمەسادق بۆ داگرتنی شتوومەکی ماڵی ڕەئیس پازگای تازەی مێزەر. ئوتۆمبێلەکان وێستاون دەش ئایسێن. دەنگی بزوێنەری ئوتۆمبێل و غەڵبەغەڵبی ئەو خەڵکەی لێرە کۆبوونەوە تێکەڵی یەکدەبن.

شۆفیر سەردەکەوێتە وەتاغی پێشەوەی ئوتۆمبێل ناڵەناڵی ئوتۆمبێل بێدەنگ دەکات. لەگەڵ بێدەنگ بوونی بزوێنەری ئوتۆمبێلەکە سەرکار لە ئوتۆمبێلە جیبەکە دادەبەزێ. بەدوای ئەودا ژنێکی باریکەڵەی سەرڕووتی چاوسەوز بەخۆی و منداڵێک لە تەمەنی من لە دەرکی ئوتۆمبێل دادەبەزن. هەربڵێ یەک و دوو خەڵکی گوند کۆدەبنەوە. ژنی گەڕەک بەجێگای ئەوە بێنەپێش نیوەی سەروسنگیان لەلاشیپانی دەرگای حەسارێ دیارە گوێ قوڵاخن تابزانن چ باسە. سەرکارهاتۆتە ناو خەڵکەکە دەست هەڵدێنێ سەڵاوێک لە خەڵک دەکات. ژنەکە تەنیا چاوێک بە خەڵکەکەدا دەگێڕێی سەری دادەخا یەکسەر بەدوای سەرکاردادەچێتە حەوشەی ماڵی حەمەسادق.

چەند پیاوی ناسراوی ئاوایی لەسەفی خەڵکەکە دێنەدرێ دێنەپێش. ئەوان ئیزن لە سەرکاروەردەگرن بۆ دابەزاندنی کەلوپەلی ناو ئوتۆمبێلەکە. سەرکار بەسوپاسەوە ئیزنیادەدات.

**تابلێی یەکودوو خەڵک شتومەکی ناو ئوتۆمبێل بەتاڵ دەکەن دەیبەنە ناوماڵیَ سەرکار ئیجارەی کردووە. هاتنی بنەماڵەی سەرکارو ڕەنگ و ڕوخساری هاوسەری زۆرخێرا سەرنجی ئەو ژنانەی ڕاکێشا لە نزیکەوەدەیبینن. ئوتۆمبێلەکان دەرگایان کردۆتەوە ئەو کەلوپەلەی باری کردووە دایگرن. لەگەڵ داگرتنی بار لە ئوتۆمبێل، بەئاواییدا بڵاوبووەوە بنەماڵەی ڕەئیس پازگای تازە هاتووە ژنی سەرکار سەری ڕووتە. چروچاو کاڵە، قژی بەسەرشانی بڵاوبۆتەوە بریقەی دیَ. پانتۆڵی فەرەنگی دوولینگەی لەپێیە. تەمەنی لە هاوسەرەکەی کەمترە. بەڵیَ شتەگرنگەکانی دەبوو بزاندریَ کەوتەدەست ژنی گوند قسەی لەسەربکریَ.**

**خەڵک خەریکی داگرتنی بارگەوبنەی ماڵی سەرکارن. ئاواش لەلایەن ژنی گەڕەک هاتنی هاوسەری سەرکار بە گوندابڵاودەبێەوە. دەرکی حەساری ماڵی حەمەسادق کراوەتەوە کەلوپەلی ئوتۆمبێلەکان لێیدەچنەژوور. ژنێکی لاو کە تازە هاتووە لە گۆشەی حەسارەکە وێستاوە سەیری دابینکردنی ئەساسیەی ماڵەکەی دەکات. ژنێک هەروەک کچ و ژنەکانی گوند. بەڵام پۆشاک و تەندروستی جیاوازی هەیە. ئەو شاری ئێمە گوندی. بەڵیَ دوو کەلتووری جیا دەتوانن لە پۆشاک و قسە و زۆرشت تەفاوەتیان بێت. بەئەنجومەنی گوند کوتراوە هاوسەری ڕەئیس پازگای تازە دەبێتە مامۆستای قوتابخانەی مێژەر. مامۆستا و هاوسەری ڕەئیس پازگا لە گوند غەوغای ناوە.**

**ژنی گوند هێشتا نازانن خولقەت و کرداری هاوسەری سەرکارچۆنە. بەڵام ئەوان لێکدانەوەی ژنانەی خۆیان دەکرد.**

هاوسەری سەرکار مامۆستا و خوێندەوار و بارهاتوو بۆ ڕامیاری منداڵی وڵات، دەبێ ئەو بۆسبەی وڵاتەکەی نەوەیەکی بارهاتووی خوێندەوار باربهێنێت ویقارێکی تابیبەت بەخۆی هەیە. سەرکار هاوسەرەکەی بەو ژنانەی لەوێن دەناسێنێ. هاوسەری سەرکار چاکوچۆنی لەگەڵ ژنەکانی لەوێن دەکا و لێیان دەچێتەپێش. مەعلوم بوو ناوی هاوسەری سەرکارو مامۆستای منداڵی گوندی مێزەرسوغرایە. تورکە، کوڕێکی هەیە ناوی سەمەدە.

باری ئوتۆمبێلەکان بەتاڵ دەکرێن. ئەو ئوتۆمبێلانەی بەکرێ هاتوون لە ئاوای دەچنەدەرێ دەگەڕێنەوە بۆ شار. سەرکار هاسەرەکەی بە خەڵک ناساندبوو. دوبارە لەزمان هاوسەری حەمەسادق بڵاوبووەوە هاوسەری سەرکار ناوی سوغرایە. تورکە هیچ کوردی نازانێ تەنیا فارسی تێدەگات. بڵاوبووەوە هاوسەری سەرکار تەمەنی زۆرنییە سەرکار لەوبەتەمەندترە چەند ژن و پیاو پەکوودەکەن.:حەیف وەڵا ئەگەر ڕەئیس پازگانەدەبوو ئەو ژنە لێ خەساردەبوو. ئەمە تا چەندڕۆژ دەبێتە قسەی هەموو ژنی ئاوایی. خودایە نازانم بۆچی جنسی ژن هێندە لەوجۆرەبابەتە دەکۆلنەوە. ماندووش نابن لە ماڵێ، لەسەرکار، لەکانی و کۆڵان. تەنانەت خۆبەخۆش باسی ئەوەدەکەن. لەو شەووڕۆژەدا هاوسەری ڕەئیس پازگا بۆتە حەکایەتی ژنانی ئاوایی.

ڕابەی خۆشکم غاردەداتە ماڵێ: هۆدایە دەڵێن مامۆستای ژن هاتووە. ئەرێ هاوسەری ڕەئیس پازگا دەبێتە مامۆستای گوند. نەنکم دەستێک بەلووتە خڕەکەیدادەهێنێ: ئەری ڕۆڵە بایی ئەوەنەدەیە ژنان تاریفی جوانی دەکەن! ئامۆژنم دەڵێ: ئاە دایەگەورە وەڵا دەڵێی پەڕەی سیغارە ماڵتە.

نەنکم میلی بادەدا: ئائا وایە وا. ئەو لە توخمی عروسە بۆیە هێندە جوان و خوێندەوارە. بریا لەبری ئەو جوانییەیی مسوڵمان بویایەت. زمانی لە زمانی خۆمان بچوایەت. ناوەڵا چونکە زمانی لە زمانی ئێمە نییە نییە زۆر دڵم بەفێربوونی وانەکانیشی نییە منداڵی کوردستان فێری دەبن. ئەرێ وەڵا ئەوەفیتی سیاسەتی میرییە بەوجۆرە زمان و کەلتوورمان زەوتدەکەن. ئێوەلێی نازانن ئاخر شەڕی گەڵواخیەکان و سەنجەرخانی وەزیریش لەسەر ئەو بەزمەبوو! حکومەتی فارس بەوجۆرە زمان و ئەقڵ و کەلتوورمان زەوتدەکەن. ناوەڵا جوانی هاوسەری سەرکار و بوونە مامۆستای قوتابخانەی بۆ خۆیان بەرەکەتە. ئەمن ئەوانە دەناسم چیان بەسەرهێناوین. ئەوانە بەناوی دەوڵەتی فارس و تاران مەرکەزی ئێرانە زمان و ناوو کەسایەتی کوردیان سڕییەوە.

باوکم کە دەبێتە باپیرەی ئێوە تەتەری ئاسەف بوو دایم باسی فێڵی فارسی دەکرد چۆن زمان و کەلتوورمان داگیردەکەن. ئەوان بەبێ شەڕ زمان و قسەکردنمان زەوددەکەن. ئەوەنییە لەناو ژنی ئاوایی تەنیا ڕابەی ئێمە لێیا حاڵییە، بەیانی سۆراب و مەجە و شوشە و هەمووکچانی ئاوایی دەبێ فێری زمانی فارس بن. من خەمی ئەوەمە ئیدی زمانی منداڵەکانمان تێکدەچێ. ئەوەڵجارە گوێم لە مانای زمانی فارس و کورد و تورکە! ئەوەڵجارە گوێم لەوەیە ئەوخوێندنە بەزمانی بێگانە زمانی کوردی کزدەکات. لەبەرخۆمەوە دەڵێم: ئای ئای نەنەخڕە هێندەش زیرەکە. بەڵی خاسەکەوی خۆمان لە نەنکم دەچێ.

نازانم ئەوە چ هەستێک بوو منیش وەک ڕابەی خۆشکم بەهاتنی سوغرا وەک مامۆستای قوتابخانە کەسیف سازبووم. کچەکانی

گوند لەخۆشی ئەوە لەکۆڵان کردبوویانە سەما و قولەیەک نەبێتەوە. ئەوە جەرگی ئەشرەف بەگی بڕیبوو. بەدەم گوێگرتن لە قسەی نەنکم و دایکم و ئامۆژنم و ڕابە لەسەر چۆنیەتی هاوسەری سەرکارخەوم لێکەوت.

وەکوو خوم گرتبێت دەبێ زوولەخەوهەستم بەیانیان لەگەڵ پشیلەکە بەخەبەردێم. ئەمڕۆش زوو لەخەو هەستاوم. پاساری و قشقەڕەکانی سبەینان دێنەسەر ڕیزەداری جۆگە ئاوی خوارگوند، ئەمڕۆش گوێم لە قیژەقیژیانە دەڵێی گورگ لە مێگەلەمەڕی ئاوایی داوە ئەوان دەبێ سەگەکان بەئاگابێنن. لام سەیرە لەناو پەلەوەرەکانی دێنە قەراخ گوند قاژویەک خەریکە دەستەمۆی لای مریشکەکان دەبێ. پێم جوانە قاژویەکی ڕەش دێتە ناو پۆلێک مریشکی کونجی و زەرد و سوورو بۆر. دەڵێم ڕەنگێکی تر بەپەلەوەری حەسارەکەمان زیاددەبێ.

چاو لەهەڵسوکەوتی قاژوەکە دەکەم خەریکە فێری حەساری ئێمەدەبێ. بۆ ئەوە دانەخۆرەی حەسارەکەمان بێت، دانی بۆ لە گۆشەی حەسار ڕۆدەکەم دێت بەهەستیاری و گومان چەند دەنک دەخواو بەرزدەبێتەوە. لە جوڵە و هەستیاری هەستم کردووە قاژوەکە زۆر ژیرانە کاتەکان دیاری دەکات بۆ هاتووچون. ئەوان پۆلێک قاژون لە دارستانەکەی دەرەوەی ئاوایی دەژین. زاوزێ و هێلانە و ئیدارەی ژیان لە ناو ئەو دارگوێزانەی کانی حەوتەوانە و حەوزەپان تێدەپەڕێنن.

وەخەبەرهاتووم گوێم لە قیڕە و قوقەی مریشک و قشقەڕەکانە، ئاواش گوێم لە هەناسەی نەرمی گەرووی خوشکە چکۆلەکەمە، کە وەک شەوان لە نزیک من و ڕابەی خۆشکم دەخەود. خوشکە

بچوکەکەم شەروینی ناوە. ئەو لە هەمووومان بچوکترە بە پشە بانگی دەکەین. دەمووچاویی پشە لەژێرلێفە هاتبووەدەرێ باشتر گوێت لە هەوای هەناسەی دەبوو. کایە و گەمەی ئێمە وەک هەموو منداڵی ئاوایی خۆمان بووین دەبوو چنگاوشی یەک بین بەکەوینە هەڵگڵۆفینی یەک و سەروقژی یەک بکێشین تا بەزاقوزروقی یەک پێبکەنین. منیش زۆرجار قژی پشە دەکێشم بزریکێنی. لێنووسەکەی مەجە هێڵ لێدەدەم توڕەبێ دەستداتە لینگە کەوشێک بەربێتە سەرو گوێلاکم تا بێتاقەتیمان دەرچێ.

ڕابەر و مەجە کچی گەورەبوون، دەبوو ئەوان زووترهەستن بۆ ئامادەکردنی نانی بەیانی و تفاق دان بەبزن و بارگین و هێسترەکەی بوومان. من جارێی تەمەنم ئەوەنەبوو ئەرکی قورس ڕاپەڕێنم. وەک منداڵ سەیرم دەکەن. ئاواش وەک هەموو منداڵێک دەبوو بڕێک بێعاری بکەم بۆ ئازاردانی خوشکوبراکانم کە لە یەک ژوور دەخەوتین. قژی پشە دەکێشم وەزاقوزرووقی دەخەم. پەلەپیتکەیەک لە لووتی ئەو پشیلەدەدەم لە پەنا گوڵبێنەی تەندوورەکە درێژبووە. ئای چ خۆشە بە داچڵەکینی پشیلە و بۆڵەی خوشک قەدەرێک پێدەکەنم و سەیری ڕوخساری توڕەیان دەکەم.

تا نەکەویە بەرباری لێپرسین و بەرپرس بوون لە ئاست ژیان نازانی تەمەن چۆن دەبێتە کۆیلەی ژیان. چ تاموچێژێکی هەیە هیچ بەرپرسیاریەکت لەسەرشان نییە. هەست بەوەناکەی چۆن نان و ئاوی ئامادە دێتە سەرسفرە تۆش خۆتی لێ تێردەکەی. لەوبێخەیاڵیەدا دەستم لەژێر لێفەکە دەرهێنا وەک ئەو پشیلانەی

چۆن گەمە بە گڵۆڵەخوری کەبانی ماڵ دەکەن، ئاوا کایەم بەقژی پشە دەکرد.

ئەم بەیانییە تەواوسەرنجی ڕوخساری منداڵانەی خوشکمدا. ئەو ملوانکەی ڕابە لە سنە بۆی کڕیبوو وەک کۆلکەزێڕینە چۆن لە داروسەوزاییەکان دەئاڵێ ئاوا ئەو مووروە سوور و زەرد و سەوزانە بەڕیز لە ملی پشە ئاڵابوون. گەردنێکی باریک. ڕوخسارێک هێندە پاک و بێگەردبوو هیچ گوناح و قینێکت تێدانەدەدیەوە. ئەوەی بۆم پرسیاربوو بۆچی بەژن دەڵێن زەعیفە. بۆچی بەپیاو دەڵێن وەجاخ؟ ئایا بۆ ئەوەبوو ژنیان لەڕووی ئەقڵ و جەستە پێ ناقیس بوو، یان ڕەچەتەی یاسایی نێوان دەسەڵاتی ژن و پیاو ئەوەی وێناکردبوو.

بەگوێرەی قسەی مزگەوتەکان ئەوە یاسای باوک مەزنی و هێزی کارکردنە حکومی دابەش بوونی ماف و کاسایەتی دەسەلماندوە! وشەی وەجاخ و زەعیفە وەک بزمار لەسەرم چەقیوە. سەرم لەوەدەرناچێ. پیاوی خوێندەوار و تێگەیشتووی ئەوجۆرەش شک نابەی ئەوەت بۆ ڕونکاتەوە. بەڵام دوێنەکە هەواڵ هاتووە ژنیک دەبێتە مامۆستای وانە فێرکردنی منداڵی گوند. دەبێ شەوانەش پیاوەکانی گوند بچنە قوتابخانە بۆ وانەخوێندن.

ئەوە ڕاپەڕینی خەیاڵی بوو لە گوند ژن دەبێتە مامۆستای پیاوە سمێڵ بابریکانی نزیک هەوشار و تیلەکۆ! ئەو پیاوانەی بەشەڕەخەنجەر بۆسەی چەتە و ژاندارمەکان دەشکێنن باری کالای قاچاخی لێتێپەڕدەکەن. ئەو پیاوانەی لەگەڵ کرێوەو باو و بەستەڵەکی چلچەمە و تەتەی هەورمان چنگاوش دەبن کۆڵە گەنم و ئارد و نانی لێدەردەهێنن. ئەو خۆبەزلزان و بەدەمارانە گوێ

بۆ ژنێک شل دەکەن فێری وانەیان بکات! سەرم وەک ساجی سەرتەندوور گەرم دەبێ. هەموو گوند تا ئەشرەف بەگ و مەلای گوند دەڵێن هاوسەرەکەی سەرکار دەبێتە مامۆستای قوتابخانەی مێزەر.

نازانم ئەوە یاسای میرییە دەبێ ژن ببێتە مامۆستای وانەکوتن، یان خەریکە سەردەمەکان بەرەوگۆڕان هەنگاودەنێ. بەخۆم دەڵێم چۆن سەرکار ئەوەی قبوڵ کردووە. چۆن سەرۆکی ژاندارمەکانی گوند دەوێرێت هاوسەری ببێتە مامۆستای منداڵی گوندێکی کورد، کە مامۆستا خۆی کوردی نازانێ؟ خۆ تائەمڕۆ یاسای گوند کە مەلای مزگەوت دایدەنێ و خەڵک پەیڕەوین، ئەو دەڵێ: ژنەکان مافی هیچ بڕیارێکیان نییە. کچەکانیش وەک دایکمان وان ئەوانیش لەگەڵ کوڕەکان فەرقیان هەیە! بەڵێ وادیارە ژن مافی ئەوتۆی نییە. ژن مافی بڕیاری هیچ کارێکی بەبێ ئیزنی پیاونییە. تەنانەت لەنانخواردن و دانیشتن لەسەرسفرە.

لەسەر وتەی مەلای مزگەتەکەمان نەنکم دەڵێ: ئەو کچانەی دەدرێن بە مێرد ئەوان مافی بڕیاری هەڵبژاردنی هاوسەری خۆیان نییە! ئەوە باوک و برا و مامە لەسەرڕێچکەی ئاین و بەپێی یاسای ئیدارەی ژیان وەک وەلی ئەمریان هاوژینیان بۆ دیاریکرێ. نازانم بۆ ئەم بەیانیە هەموو ستەمەکانی لە ژن بوو لە ڕوخساری منداڵانەی خوشکم هەست پێکرد. بەڵام دڵخۆشم باوکم ڕابە و مەجە دەنێرێتە قوتابخانە. ڕابە زۆرزیا و زیرەکە نامە دەنووسێ و دەخوێنێتەوە.

سەرەڕای هەڕەشە و نەسیحەتی ئەشرەف بەگ و مەلای گوند، کە نابێ منداڵی گوند بچنە قوتابخانە فێری خوێندەواریبن. بەڵام

بەهوڵی یاسای میری و پەیدابوونی سپای دانیش خەریکە زۆری منداڵەکانی گوند لەلایەن گەورەی ماڵ ئیزن دەدرێن بێنە قوتابخانە. لە ماڵی ئێمە من و ڕابە و مەجەی خوشکم دەستمان بەخوێندنی وانە کردوە. ڕابە پۆلی پێنجە، مەجە لەبەرتەمبەڵی توانیویە سێ پۆل ببڕێ. نەنکم دەڵێ: مەجە لەبەر چاوڕشتن و چونە سەرکانی هۆشی فێربوونی وانەی نییە. من و ڕابە قەشمەری بەمەجە دەکەین نەنکم بە چاو بەکل بانگی دەکات.

خوێندەواری خوشکم چەند شانازی داوەتە باوکم جارجارەش سەرئێشەی لەگەڵە. ئەم بەیانییە باوکم دێتەوە ماڵ دەست دەکات بە گازندە و بۆڵە: نانا ڕابە ئیدی نامە بۆ ڕعێتەکانی گوند لە دژی ئەشرەف بەگ نەنووسی بۆ ئیداراتی میری. ناوەڵا تاقەتی هەڕەشە و قسەی ڕەقی ئەو ورگ ئەستورەم نییە شەدەیەکی لەسەرە بەقەد سەوەتەساقۆڕێکی کاکێش پانە. ئەشرەفبەگی لەدەسەڵات کەوتوو لەکۆڵ نابێتەوە! لەومەیدانە چاوم لێدەردەپەڕێنێ: هۆحەبیب ئەوە کچت خوێندەواربووە نامە لەدژی من بۆ دادگاکان بنووسێ تا سکاڵایان بەگوێی حکومەت بگا.

باوکم پەشۆکابوو وەک هەرئێستا ئاغا عەرزەکەی زەوتدکات دەچوو! سەرزەنشتی خۆی دەکات چۆن ئیزنیدا ڕابەی کچی ئەو نامەیە لە زمان هەمزە کەچەڵ بۆ دادگای میری بنووسێ لەدژی ئەشرەف بەگ. ئاخر چۆن کچی حەبیب فێری خوێندەواری بووە بەبێ ئیزنی بەگ و مەلای گوند نامەی سکاڵای بۆ ڕعێتێکی پەڕپوت نووسیووە، ئەوەش لەلایەن یاساوە بەزەرەدی ئەشرەف بەگ بووە. ئەو نامە ببووە هەڕەشە لەسەر باوکم کچی ئەو نامەی بۆ ڕعێتێک نووسیوە لە دژی بەگی ئاوایی.

چەندرۆژبوو ڕابە لەترسی هەڕەشەی ئەشرەف بەگ و بۆڵەبۆڵی باوکم بۆ ئەونامەی بۆ هەمزەکەچەڵ نووسیوە، وەک مریشکەکان چووبووە پەسیوی ژێرخانەکە خۆی دادەشارد. بەڵام بڵاوبوونەوەی ئەوە ژنێک دەبێتە مامۆستای قوتابخانە ڕابەش دەهاتەدەرکی حەوشە سەیری کۆڵانی دەکرد.

لەوڕۆژەی بیستبوومان سوغرا هاوسەری سەرکارکازمی دەبێتە مامۆستای قوتابخانە گەڵیک دلخۆش بووین. ڕابە و مەجەی ئێمە هەموو جەستەیان لەخۆشیان هەڵدەپەڕی. لە ئاوایی بڵاوبووە سوغرا بێجگە لەپیشەی مامۆستایی دەستی تەبابەتی هەیە لە ئێستاوە دەستی بەتیماری ژنە ناساغەکانی گوندکردووە. بەڵام کێشە ئەوەیە ئەو تورکە لە کوردەکان تێناگات. ئەوەی باشە بەفارسی قسەدەکات خوێندەوارەکان لێی تێدەگەن.

مامۆستای ژن لە گوند بۆ تێگەیاندنی خەڵک و نەخۆش پێوسیتی بە وەرگێڕە. تەنیا ڕابەی ئێمە لەناو کچ و ژنانی گوند دەزانێ بەفارسی قسە بکات. سەرەڕای ترسی باوکم لە دەست بۆڵە و گازندەی ئەشرەف بەگ، لە ئێوارێوە چەندجار ڕابە چۆتە وەرگێڕی قسەکانی سوغرا بۆ ژنە نەخۆشەکانی تیماری کردوون. هاوکات شوشەی کچی کوێخا فەرەج بۆتە کڵفەتیان. نازانم چۆنە نەنکم بوونە کڵفەتی شوشە بۆکارکردن لەماڵی سەرکارکازمی بە سیخوڕی ئەشەرەف بەگ دەزانێ. نەنکم دەڵێ: بۆ ئەوە کلکی ڕەئیس پازگا لە دەست ئەشرەف بەگدابێ، لەوڕێگایەوە تۆمەت بۆ هاوسەری سەرکار دروست دەکەن تا سەرکار سڵیان لێبکات. ئەو کچی کوێخای گوندە، نۆکەری ئەشرەف بەگە. ئەوەش تەڵەیە لەژێرپێی هاوسەری سەرکاریان داناوە. باوکم و باوەگەورەم

گاڵتەیان بەقسەی نەنکم دێ. نەنکم لەسەر قسەی خۆی سوورە ئەوە بەفێڵ و تەڵەدەزانێ.

سوغرا دووڕۆژە هاتۆتە گوندی مێزەر. بەهۆی بەدەمەوەچوونی بۆ نەخۆشەکانی گوند و چارەسەری ژن و منداڵە نەخۆشەکان، ئەو وەک زۆردەمێکە لەگەڵ خەڵکی گوندبووبێت دەچێ. سوغرا ئەم بەیانییە دەزانێ هاوسەری پیاوی جیرانەکەی نەخۆشە. ئەو هەواڵە لە زمان کچ و هاوسەری خاوەنماڵەکەی لێیەتی دەزانێ. بێ ئەوە خۆی بەغەوارە بزانێ، یان گوێ بداتە لۆمە و ترس لە قسەی پیاو و یاسای نەریتیە کۆنەکان، ئەو بەیارمەتی ژنی حەمەسادقی خاوەن ماڵیان دەچێتە سۆراخی چارەسەری هاوسەری ساڵە. ساڵح کە دەزانێ هاوسەری سەرکارهاتووە بۆچارەسەری هاوسەرەکەی دەپەشۆکێ چۆن ژنی سەرکار هاتۆوە بۆ چارسەری هاوسەری ئەو! ڕوودەکاتە هاجەر هاوسەری حەمەسادق دەڵێ: جاچۆن سەرکار ئیزنی هاوسەرەکەی داوە بێتە ماڵی من بۆ چارەسەری هاوسەرەکەم! هاجەر نازانێ چۆن سوغرا تێگەیەنێت ساڵە و ژنە نەخۆشەکەی دەڵێن چی. سوغرا نازانێ چۆن لەگەڵ نەخۆش قسەبکات. دەنێرنە دوای ڕابەی خوشکم بچێت ببێتە وەرگێڕی قسەکان.

ڕابە پۆلی پێنجی سەرەتاییە. بەڵام ڕەوان فارسی قسەدەکات. سوغرا خۆی پێدەناسێنی و دەڵێ موحتاجی یارمەتی ڕابەیە. ڕابە قسەکان وەردەگێڕێ. ساڵح تێدەگەیەنێت سوغرا دەڵێ چی. سوغرا دەڵێ: ئەوەی دەیکات یارمەتی بەخەڵکە نەک بەکرێ و منەت. من هەموو نەخۆشەکان وەک قوتابیەکانم سەیردەکەم. ڕابە قسەکانی سوغرا وەردگێڕی و دەڵێ: سوغرا خولی چارەسەر و

تەبابەتی پزیشکی خوێندووە، ئەوەش وەک وەزیفەی مرۆیی خۆی لە خزمەت خەڵک ئەنجام دەدات.

سوغرا هاوسەری سالْح چارەسەردەکات. ئەو وەک مامۆستا و وەک تەبیب لەم بەیانییەوە، کە دەزانێ دۆخی ژن و منداڵی گوند چۆنە. بەبێ ئەوە بهانە و خۆلادان بۆخۆی دانێ دەیکاتە وەزیفە بۆخۆی سەردانی هەموو ئەو ژن و کچ و منداڵە نەخۆشانە دەکات موحتاجی چارەسەرن. ئەو داوودەرمانەی بۆخۆی هەیەتی، ئەوەی لە ئەنباری پازگایە هەمووی دەخاتە خزمەت چارەسەری نەخۆشەکان. هەرلەم بەیانییەوە ڕابە دەبێتە دیلمانجی سوغرا لە هەمووکارێکدا. زۆر خێرا بڵاوبووەوە هاوسەری ڕەئیس پازگا هەم مامۆستایە، هەم تەبیب. کۆڵە دەرمانی چارەسەری نەخۆشەکان بەکۆڵ سوغراوە وەک منارەی مزگەوتەکان دیارە.

لە ماوەی ئەو یەک حەوتووەی هاتووە سوغرا بەوبڕە دەرمانەی هەیەتی زۆرکاری بەنرخی ئەنجام داوە. زۆرخێرا سوغرا خەریکە دەبێتە خدری زیندەی ژن و منداڵی گوند. هەواڵی کارەکانی سوغرا لەلایەن ڕابە بەنەنکم دەگات. نەنکم دەڵێ: ئائا من هەر دڵم دەترسێ ئەشرەف بەگ ناووناتۆرەی پیس بۆ ئەو ژنە ساس بکات. ئەوەی ئەو ژنە خەریکە ئەنجامی دەدا هیچی لەگەڵ مەرام و حەزی بەگ نایەتەوە! بەگ زەرەد و نەخۆشی و نەزانی خەڵکی دەوێ نەک خوێندەواری و لەش ساخی. بەڵی من گومانم لە دانانی کچی حەمەفەرەج هەیە کراوەتە کارەکەری ماڵی سەرکار.

وەک چۆن سەرکارکازمی دەسەڵاتی گوندی بوو، ئاواش نەنکم بە کوێخای ماڵی خۆمان بەناوبانگە. دایکم وەک مریدی نەنکم وایە. دەڵێ: قەستەم بەخودا قسەی خەسووم هیچی لە خۆوەنییە.

ئەوەی دەیڵێت ڕێک وەک نەخشی سەربەرد دەردەکەون. نەنکم وەک ژنی بەتەمەن و گەورە بەسەر کوڕو بوکدا زاڵە. بەڵام ئێمە خۆشمان دەویٚ چونکە جێژنانە و پوڵ گیرفانی دەداتە هەمووومان. بەتایبەت منی بۆ هەمووشت لەبیرە ئیدی لە پاڕانەوە بۆ دووقڕان لە باوکم بێمنەتبووم.

سەرەڕای ئەوە باوەگەورەم وەک ڕیش سپی بنەماڵە لەدەرەوەی ماڵ و لە ناو خەڵک قسەی دەڕوا، نەنکم لە ماڵێی دەسەڵاتدارە نەک ئەو. بەدەسەڵات بوونی نەنکم لای کوڕو بوک و کچ کارێکی کردووە باوەگەورەمی کردۆتە گوێڕایەڵی نەنکم. باوەگەورە بۆ کاری ناوماڵ و جێبەجێکردنی ئەرکەکان دەبێ ڕای نەنکم لەبەرچاوگیرابێت و بەتەگبیری هەردووکیان بێ. ئەو بەدەسەڵاتییەی نەنکم کێشەی دەسەڵاتی خستۆتە ماڵی ئێمە. گوێم لە دایکمە دەڵێ خەسووم زۆر بەدەستەڵاتە خەزوورم بەبێ ئەو دەست بۆ هیچ نابات. ئەو قسەی دایکم بەغیلی ژنانەی تێدابوو بەچاوی پیاوی خۆیدادەداوە. قسەی دایکم وەک هەموو ژنەکان ئەوەبوو بەحاڵ پیاوی جیرانەکەی لەگەڵ هاسەرەکەی تەبابۆایەت، ژنەکانی دەروجیران بەغیلیان بەو تەبایی و نێوان خۆشیەیی ئەوانە دەبرد لە ئەمروگوێی یەکدان.

لە سەیرکردنی پشەو کایە بە قژە جوانەکەی هیلاک بووم. خۆم دەکێشمەوە بۆ ئامادەبوونی هەستان. گوێم لە دەنگی حەسارە.ماڵی باوەگەورەم جیرانمانن. دەنگی دایەگەورە لە پەنجەرەی ژوورەکەم دەگاتە گوێم. نەنکم سوێندی خواردووە نابێ ماڵی کوڕەکانی لێیدوورکەونەوە. حەساری ئێمە و ماڵی نەنکم دیواری حەسارێک لەیەکی دابڕیون. دیوارەکە زۆربەرزنییە

دەنگ داشارێ. لەگەڵ ئەوە لە ناوقەدی دیوارەکە دەرگایەکی بچوکی هەیە هەر لە حەساری خۆمانەوە دەتوانین هاتوچۆی یەک بکەین. بەڵام بۆ کاری خێرا و قسەکردنی ژنەکان زۆرجار ئەوان بەبێ ئەوە بێنەحەساری یەک لە پشت دیوارەکان قسە لەگەڵ یەک دەکەن. نەنکم ژنێکی کورتەبنەی خڕەیە سەری ناگاتە سەردیوارەکە. بۆ ئەوە سەروسەکوتی دایکم ببینێ دەچێتە سەرسەکۆی کوچکاورەکە ئیدی ملی دێتەسەردیواری حەسار لەگەڵ دایکم چڕوچاوی یەک دەبینن بەردەبنە قسە دەڵێی عەیامێکە گوێیان لە قسەی یەک نەبووە.

نەنکم سەرلەسوێ دیوارەنزمەکەی ماڵێی هێناوەتەدەر لەگەڵ دایکم قسەدەکا. نەنەگەورە باڵایەکی کورت و خرپنەی هەیە وەک بەردی دەستاڕ هەڵدەسووڕێ بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی. دەڵێی حەوتوویەکە لەگەڵ دایکم یەکیان نەدیوە. زۆرتر نەنکم قسەدەکات. ئەو قسانەی شەوێ لەسەرهاتنی بنەماڵەی سەرکار بۆ گوند و بوونە مامۆستای هاوسەری سەرکارکرابوو ئێستا وەردی دەدەنەوە. بەهۆی سەرڕووتی سوغرا نەنکم دیارە ئەوەی بەدڵ نییە پێی حەرامە. دایکم بەرگری لە سوغرا دەکا دەڵێ: ئامۆژن ڕابە چەندجار چووە قسەی سوغرای کرۆتە کوردی بۆ تێگەیاندنی نەخۆشەکان. ئەو بێجگەلەوەی مامۆستایە و هاوسەری ڕەئیس پازگای ئەو ناوەیە، لە ژنێکی سادە و بەخەم دەچێ بۆ خەڵک. ئەو تەبیبە بەخۆڕایی چارەی خەڵک دەکات. ئەی ئەگەر وانییە بۆ لەئێستاوە کەوتۆتە ماڵان بۆ چارسەری ژن و منداڵی نەخۆش! ڕابە زۆر تاریفی کەسایەتی سوغرا دەکات. وابزانم جارێ نایناسین نابێ زەمی خۆڕایی بکەین. نەنکم لچ لە دایکم بادەدا وەک قسەکەی بەدڵ نەبێ وایە: باشە با قسەی تۆو

میرزا ڕابەی کچت بێ. ئەوەش بکەنە نامەنووسینی هەمزەکەچەڵ بەشکم ڕۆژێک حەبیب بەرشەق بدەن.

بەکەم بوونەوەی قسەکانیان وادیارە لەوەتەواودەبن چۆن باسی سوغرابکەن. نەنکم دەڵێ: بەڕیشی بابی چیدەکات خۆ من فێری خوێندەواری ناکا تماشای قژو زوولفی کەم. باشە نەجیب ئەی حەبیب کەی بەتەمایە بچێتە شاری. خۆدەزانی خەزوورد قورس بووە ناتوانێ بچێتەشار خەریکە بێ قەندوچایی دەبین. ئەگەرچوو لەبێردنەچێ ئاگادارم کە باهیچ نەبێ چەند کەلەقەند و گەروانکەیەک چایمان بۆبێنێ.

ماشەڵڵا قسەی دایەگەورەو دایکم وەک چیرۆکی ئیزگەی کرماشانە هەرکێشی دێ دەڵێ دۆخینی جیرە. بوک و خەسوویەکی ڕۆح سوک هەستدەکەم ئەو دوودانە لەبوکو خەسوو ناچن! دایکم هەر بەدایە بانگی دایە گەورەدەکات. دایە گەورەش دایکمی لە چاو ئامۆژنەکانم زۆرترخۆش دەوێ. باوکم بۆخۆی پیاوێکی مەند و هێدیە، ئاواش بەوسازانەی دایکم و دایکی کەیفی خۆشە. بەڵام سەرەڕای ئەوە دایکم مەکری ژنانەی خۆی بەسەرباوکم هەڵدەڕێژێ و پێیدەڵێ حەبیب بریا وەک باوکت دەبووی. هاچۆن باوکت گوێ ڕایەڵی ئامۆژنمە. باوکم بەو قسەیە دادەگیرسێ و دەنگ بەرزدەکاتەوە.

:ئائا، دەی هەستە با لە کۆڵت کەم بەکۆڵانی ئاواییدابت گێڕم تاوەکووژنی گوند بزانن من چۆنم. ئەوەتدەوێ نەجیبە چاومار. دایکم بەبێ ئەوە دەنگ بەرزکاتەوە دەماری باوکم دەگرێ پەمپی دەدات هاکا باوکم پەلاماری سەروقژی دات. دایکم وەک ژنە مەکربازو سیاسەت مەدارەکان دەچێ. ئەو سنووری توڕەیی باوکم

دەناسیٚ لەوپەڕی هەڵچوونیدا زووش خاودەبێتەوە: باشەباش چڵکن هەربۆنی خڵتە سیغارد لیٚدی بەرگەی قسەیەک ناگری. ئەوەیە دەڵێم لە باوکت ناچی.

باوکم پارووە نانەکە لەبن مەڵاشووی کۆکردۆتەوە خۆی بۆ قسە ئامادەدەکات وەڵامی دایکم بداتەوە. کەچی ئەو تەشەرەی دایکم هەموو هەواکەی بەتاڵ دەکات. باوکم پارووە نانەکەی دەمی دەخاتە نێوان خرێکانی و دەست دەکات بەهاڕێنی. خێسەیەک لە دایکم دەکات: ئاخر فڵتەفڵتی ژن لە قسەی پیاوی وەک ئەشرەف بەگ ناخۆشترە. دایکم چاییەکە لەبەردەم باوکم دادەنیٚ وەک نەبای بێت و نەبۆران. ئەو چاییەیی بۆ باوکمی تێکردووە لەسەر سینیەکە هەڵدەگریٚ لە بەردەمی باوکمی دادەنیٚ.: فەرموو حەبیب خان دەزانم لەسەرسەفەری. لەبیردنەچیٚ لەوسابوونە بۆندارانەی جاران بوخچەیەکم بۆبێنە. خەنەشت لەبیرنەچیٚ لەگەڵ کچەکان پێویستمانە. دایکشت لەبیرنەچیٚ چی پێویستە. باوکم هەوڵدەدا خۆی لەوچەرمەسەرێیە دربازکات توشی بووە. ئەویش خاوبۆتەوە دەزانیٚ کەوتۆتە تەڵەی دایکم. دەڵیٚ: جا بۆ لە و تەشەڕی تۆ ئەقڵی تێداهێشتووم! زەردەخەنەیەکی دایکم دەبێتە کوژانەوەی تووڕەییەکان.

ڕابە و مەجە وەک گەورەکچی ماڵ سەیری شەڕە دەندووکەی باوکم و دایکم دەکەن. ئێمە ئەوە بە قسەی ئاسایی نێوان ئەوان وەردەگرین. خۆ ئەگەر ڕۆژیٚ جارێک ئەو تاوە بارانە لە نێوان ژن و پیاو ڕوونەدەن خۆشیەکان تامی نییە.

## کۆگاخۆڵەکە و گەمەی ئێمە

کاتێک لەسەر دۆشەکی خەوەکەم درێژدەبم هەستدەکەم گەورەبوم. پۆلی چواری سەرەتاییم. خەریکم ڕستەی خوێندن فێردەبم وشەکان لە جێگای خۆیان دەناسم. یارمەتیەکانی ڕابە وام لێدەکات وشەکان لێم عاسیەنەبن. لە دڵەوە ڕابەم بەقەت بەرزی ئاسمان خۆش دەوێ. ئەو لاپەڕەی لەسەرپیشەی وەرزێڕییە لە پەرتوکەکەم ئاواڵەدەکەم بۆ باوکمی دەخوێنمەوە. باوکم کەیفی پێدێت ناوی وەرزێر چۆتەلاپەڕەی پەرتوکی قوتابخانە. مەجە هەڵدەداتێ: بابە سۆرابە چڵکن باش ئەو وانەییەی بۆ نەخوێندیەوە، بێنە بامن بۆتی بخوێنمەوە تاباشتر لێی حاڵی بی. دایکم دەڵێ: مەجە تۆ ئەو حیکایەتی شوانی درۆزنم بۆبخوێنەوە. ئەوە خۆشە هەی شوانی فێڵباز وەڵاهی وەک باوکت دەچن.

باوکم خۆی لە قسەکانی دایکم دەدزێتەوە. ئەو بەتەمای سەفەری کاروانییە. گوێم لێیە دایکم بە باوکم دەڵێ: حەبیب سەعاتێکی ژنانە و چوار قاڵب سابونی لۆکسم بۆ دەهێنی بۆ دیاری پێویستمە. ڕابە سەیری مەجە دەکات دەزانێ ئەوە بۆ سوغرایە. دوعادەکەم باوکم پێنسەتمەن خێربێنێتەوە بەشکم ڕادیۆیەک و فەڕشێکی هەوشاربکڕین. جارجارەش سوغرای مامۆستامان دەعەوەت بکەین نانی خۆشی بۆدانێن.

**باوکم کەڕەی بەیانی لەگەڵ هاوڕێ کاروانچییەکانی بەرەوسنووری پێنجوێن بەڕێ کەوتوون بۆ هێنانی ئەو کالاییەی لەلایەن دوکاندارەکانی شار داوای کرابوو. کە باوکم دەچووە سەرفەر، دایکم وەک ئەوکاتە نییە باوکم لەماڵە. ئەو ئێستا بێدەنگ و مەند چاودێری کرداری ئێمەیە. ئەوە بۆتە یاسا کە باوکم لەماڵ نییە، ئێمە دوای دایکم ڕابەو مەجە فەرمانمان بەسەردادەکەن. هەمووش دەبێ ئیتاعەی بکەین.**

**وەک ماڵی هەبووەکانی گوند ماڵەکەمان گەرمە لباد و دۆشەکی پەڕۆمان بۆ دروست کراوە باشە ژێرمان ڕەقنییە بۆخەتن. لبادەکان لەسەرحەسیری کڵۆش و جەگەن ڕادەخرێن ئەوەش نمی کەفی ژوورەکە دادەگرێ. قەدەرێکە بەیانی هاتوو. خۆرخەریکە وڵات دادەگرێ کەچی ئەم بەیانیە هیچ دەنگی سەیفە نەهات بێت لە دەرگابدا بڵێ هەستە سۆراب وەرە بابڕۆین بۆ گەمەی سەرکۆگاخۆلەکە. بەڵام دێتەوە بیرم ڕابە هەڕەشەی لێکردوم تا وانەکانت نەخوێنی و ئەو تەکلیفانەی لەسەرشانتە ئامادەی نەکەی ئیجازەی چوونە دەرێت نییە.**

**لەوڕۆژەی سوغرا بۆتە مامۆستامان بۆ ئەوە نەخۆش نەبین و دەستمان نەقەڵەشێ، ئەو خولی دەست شۆرین بەسابوون و ددان شۆرین بە فڵچەی بۆ داناوین. لەسەرخەرجی خۆی سابوون و ددان شۆڕی بۆ دابین کردووین. هەموو بەیانی دەستمان چاولێدەکات بزانێ نینۆکمان هاتووە. دەستمان شۆریوە نەقڵشێ. ئیدی بۆتەیاسا شەو بەرلەخەوتن ددان دەشۆرین. هەموو رژێک سێ جار دەست بەسابوون دەشۆین. ئاخر ئەو لەسەرخەرجی خۆی سابوون و فڵچە و ددان شۆری بۆدابین کردووین. یەک قوتوو**

وازڵینی گەورەی هێناوە لەلای تەختەڕەشەکە دای ناوە قوتابیەکان دەست چەورکەن تالەسەرمای پاییزو زستان دەستمان نەقەڵشێ.

مەجە و ڕابە لە من و شەوێن گەورەترن. دوای دایکم ئەوان بڕیاردەری ماڵن. بەبێ مۆڵەتی ئەوان من ناتوانم لە ماڵ بچمەدەرێ. ئەوانیش مەشق و وانەکانم بۆ ڕاست دەکەنەوە. دایکم دەڵێ: ئەوە یاسای خێزانیە دەبێ ئێمە بەپرسوورا لەگەڵ یەک کارەکان تێپەڕێنین. دایکم هێندە خەمخۆری ماڵ و مێردو منداڵە باوکم بەوە زۆرسەرفرازە. کە نوێژدەکا دەستی بەرزدەکاتەوە دەڵێ: خوادیە نەجیب و منداڵەکانم لێنەستێنی. دوعاکەی باوکم بۆتە سرێک جارێ من لێی حاڵی نەبووم. ئایا هی نێوان خۆشی دایەگەورە و دایکەمە وا باوکم دڵی بە ئێمە و دایکم خۆشە، یان لەوەتێدەگات خێزانی ساڵح نیعمەتی ژیانە. من هیچی لێ تێناگەم.

لەورۆژەی پێم گرت لەگەڵ مریشکەکانی خۆمان خوم بە گەمە و کایەی ناوتەپەخۆڵەکەی لە خوارگوند بوو گرتبوو. کۆگاخۆڵێکی وشک هی تەندووری ماڵان بوو خەڵک دەیان هێنا لێرەیان ڕۆدەکرد. خۆڵەکە پاش ماوەی دار و تەپاڵەی سووتابوو ئیدی هیچ ڕوەکێک بەیاسانی لەناویا سەوزنەدەبوو. خۆڵێکی بۆری ناشیرین تەنیان بۆ چینەی مریشکەکان سوودی بوو خۆیان تێداخاوێن دەکردەوە.

کە هاوڕێکانم دەبینم لەسەر خۆڵەکە گەمەدەکەن، ئامۆژگاری مامۆستا و دایکم و خوشکەکان لەبیرم دەچێتەوە نابێ بچمەسەر کۆگاخۆڵەکان. تا ئەمڕۆش گەورەبووم بۆم بۆتەخوو بەیانی کە

نانمان دەخوارد دەبوو خۆمان بگەیەنییە سەر ئەو خۆڵەپیسە. خۆڵێک وەک ئارد بە ئازای ئەندامی مرۆڤەوە دەنووسا.ماڵی پیس دەکرد. دایکم توڕەدەبوو دەیگوت: توتکی سەگانە ئیدی نەچنە ناو خۆڵی بۆگەنی مریشکەکان چینەی لێدەکەن. ها ئەوەپێتان دەڵێم بەو کۆڵەوەژە ڕەشە دارکاریتان دەکەم. ئەی هاوار هەمووڕۆژ لەگەڵ مریشکەکان دەردەپەڕنەدەرێ دەڵێی کۆستەی گەڕیدەن بە کۆلێک خاک و خۆڵی پیس لێی وەژووردەکەوەن ئەو ماڵە بەقوڕگیراوە هێندەی کە تۆزاوی دەبێ. وەک جەریمەی پازگا حەوتووی جارێک دەبێ تەمبێیانەی چوونە سەرکۆگاخۆڵەکە بدەین.

سەرەڕای تەمبێیانە بەدزییەوە خۆمان دەگەیەنینە سەرکۆگاخۆڵەکە بۆ زۆران بازی. لە پەنا ئێمەش مریشک و قەلەمونەکانی گوند دێنەسەر ئەو کۆگاخۆڵە وەک ئێمە خۆیان لەوخۆڵە وەردەدەن. لە دامێنی گوند ڕیزەدارێکی لێیە لەسەرجۆگە ئاوەکە بەرزو سەوز با کایە بە گەڵاکانیان دەکات. دارەکان دارشەخسن کەس ناوێری دەست بۆ گەڵایەکیان بەرێ.

زۆر پەلەوەر ڕوودەکەنە دەوری ئاوایی لەسەر دارەکان هێلانە دروست دەکەن. بڕێک لەوپەلەوەرانە لەگەڵ مریشکەکان دێنەسەر کۆگاخۆڵەکەی ئێمەش کایەی لێدەکەین. ماڵێ ئێمە لێرەیە پڕژی دارەکان شۆڕبوونەوە ناو حەسارەکەمان. چۆلەکە و قشقەڕە لەسەردیواری حەوشەمان هەڵ دەنیشن. زۆرجار قشقەرە بێحەیاکان خۆبەناو میریشکەکانی دایکم دادەکەن دەست دەکەن بەخواردنی ئەو دانەی دایکم بۆ مریشەکانی ڕۆدەکا. تەنانەت فێری دزینی هێلکەی مریشەکانمان بوون!

لەگەڵ قشقەڕەکان قاژویەکی باریکەڵە بەڵام وریا و هوشیار ئەویش فێربووە دێتە سەرگوێسوانەکەمان بەتەمایە خۆی بکاتە شەریکە خواردنی مریشکەکانی دایکم. ئەوە چەندڕۆژە بەحەزەر و ئەسپایی دادەبەزێتە ناو حەسارەکە لەگەڵ مریشکەکان خواردن دەخوات. من زۆرم پێجوانە. قاژوم خۆش دەوێ. دەچم لە دانی مریشکەکان دەهێنم ڕۆی دەکەم بەشکم قاژووەکە زۆرتربخوات.

بێجگە لە کەڵەشێرەکە کەس پەلامار و ئازاری قاژونادات. کەس نابێتە لەمپەری بوونی لێرە. بۆیە قاژەوکە دەمەچێشتەی خواردنی حەساری ئێمەبووە. وادیارە ئیدی ئەویش بۆتەبرابەشی مریشکەکانی دایکم. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام کەڵەشێرەکەمان لەبوونی ئەو قاژوە توڕەیە! بۆ قشقەڕەکان وا دەمارگرژی ناکات. بەڵام کە قاژووەکە دادەبەزێتە ناو مریشەکەکان ئەو زۆربەتوندی پەلاماری قاژووەکەدەدا. کە ئەو قاژوە دەبینی خۆی فش دەکا و دەست دەکا بەقوقەقوق بەدەوری مریشکەکاندا خۆی بادەدا وەک هەست بکات ئەو بۆتە نەیاری دڵداری لەگەڵ مریشکەکان وایە. کەڵەشێر زۆرجار پەلاماری قاژودەدات هاکا چاوی دەرهێنێت. دەبێتەشەڕیان چرنووک لە یەک دەدەن هاکا چیکەڵدانەی یەکیان کونکرد. سەیری شەڕی قاژو و کەڵەشێر زۆر لە چوونە سەر کۆگاخۆڵ خۆشترە. دان بۆ قاژووەکە ڕۆدەکەم بەشکم ئۆگری حەسارەکەمان بێ.

شەڕی کەڵەشێرو قاژو بۆ دایکم و باوکم باس دەکەم. دوای حەتوویەک دایکم دێتەسەر ڕای من هەست بەوەکات کەڵەشێرەکە لەهاتنی قاژووەکە توڕەیە. لەگەڵ باوکم دەکەونە گەمە و قسەی جەفەنگ تێدەگەم ئەوانیش بە دڵ پیسی کەڵەشێرەکەیان زانیوە

نەکا یەکێک لە مریشکەکانی لێ فریوبدات. قاژوەکە هێندە هاتۆتە حەساری ئێمە ئیدی لە ئێمەش ناسڵەمێتەوە. دوای ماوەیەک هاتن بۆ حەسارەکەمان دانەخۆرەم کردووە دێت لەسەربەری دەستم دەنکی گەنم و جۆکان دەخوات بۆی ڕادەگرم. کەڵەشێرەکەمان زۆر بەخیل دیارە لەوەی من ڕوودەدەمە قاژوەکە. دانی لەسەربەری دەستم بۆ ڕادەگرم تا زۆرتر ئۆگرم بێ. بەتوڕەیی کەڵەشێرەکە لەبوونی ئەو قاژوە نەکا پەیمانی دڵداری لەگەڵ مریشکیک ببەستێت، تێدەگەم ئەوانە وەک مرۆڤەکان هەستی دەسەڵات و میراتگری خۆیان هەیە. لەناوپەلەوەرەکان قاژوەکان ژیرتر و بەتەگبیرترن لە زۆری پەلەوەرەکان. ئەوان وەک سمۆرەکان خواردن پاشەکەوت دەکەن. تێدەگەم ئەوانە خۆیان یاسای خۆیان هەیە بۆ ژیان و چۆنیش ڕەفتاربکەن. تەنانەت لێپرسینەوە لە خراپەی یەک دەکەن! ئیدی قاژوەکە دەبێتە هاورێم.

گوێ نادەمە بێزاری کەڵەشێرەکە کاردانەوەی چۆنە بۆ هاتنی میوانێکی ڕۆح سووک. قاژوکەی دانەخۆرەی حەسارەرکەی ئێمەبووە لەگەڵ من و مریشەکان نێوانی ئاسایی بووە ناترسێ. ئیدی ئەو وەک پەلەوەرێکی دەستەمۆدەبن دێتەسەرگوێسوانەکە نایترسێنێ کەس پەلاماریدات. دایکم و خوشکەکانم دانی زۆرتر بۆ مریشکەکان ڕۆدەکەن تابەر قاژوەکەش بکەوێ.

بەڵام ئەوەی بەلامانەوەسەیربوو کەڵەشێرەکە وەدەزانی قاژوەکە حەز لەمریشکەکان دەکات خەریکە گەورەیی ئەو لای مریشکەکان کەم دەبێتەوە! ئەوە بۆتە غیرەتی شەرەف بۆی بۆیە تەنیا کەڵەشێرەکە پەلاماری قاژوەکەدەدات. جاریوایە دەبێتەشەڕیان

بەیەک هەڵدەپڕژن. باڵ فش دەکەن بەو دەندوکە تیژەیان لە سەروسەکوتی یەک دەکوتن چرنوک لە سنگوبەرۆکی دیەک دەدەن. قیرەی قاژوەکە و قوقەی کەڵەشێرەکە لەسەریەک جوچک و مریشکەکان ئاڵۆزدەکات. ئێمە لێیان حاڵی نین ئەو قوقە و سەدایە دەڵی چی. بەڵام لای خەڵک ئەوە بە شەڕی شەرەف وەسف دەکەن پێمانوایە قاژوەکە و کەڵەشێرەکە هەڕەشە لەیەک دەکەن و یەک جنێوباران دەکەن بۆ قاژوەکە چاو لە هاوسەری کەڵەشێرەکەدەکا. نازانم ئەوە چۆنە مەگەر خۆیان لێیحاڵی بن.

شەڕی کەڵەشێر لەگەڵ قاژو ماوەیەکی درێژی خایاند. کەڵەشێر ڕەزایەت نادات بێگانە تخوون سنووری شەرەفی ئەوبکەوەن. قاژو دانەخۆرەی حەساربووە ئیدی هیچ پەلامارێک ئەوی نەدەکشاندەوە. هێدی هێدی قاژو فێری هاتنەحەساری ئێمەبووە. دوای ماوەیەک لەوشەڕو بەیەک هەڵپڕژان و چرنوک لەیەک گرتنە، کەڵەشێرەکە زانی مریشکەکان لووت بە قاژوەکەداناهێنن ئەویش هێوەربووەوە دەیزانی ئەوەی هەیەتی هی خۆیەتی.

جوچکەکانی دایکم دڵی پێیان خۆشە ئەوانیش پڕپشتیان پەڕوباڵیان دەرکردووە. ئێستا بەبێ دایکیان ڕاوی مێرووله و مارمێلکی بن دیوارو ناو بەردەکان بوون. جوچکەکان خڕتربوون ترسی مردارەوەبوون لێیان دوورە. کاتێک جوچکەکان کۆدەبنەوە دایکم دەڵێی حەوت گامێشی زاوە. هەموو ئێواران سەرحیسابیان دەبێتەوە بزانێ ڕیوی و هەڵۆو پشیلەی دانەیەکی نەخواردووە.

لەوگوزەرەدا من و پشە و ڕابە و مەجە وەک جوچکەکان خەریکە گەورەدەبین. ڕابە و مەجە تەواو پێگەیون. سەمەد کوڕی سەرکارو سوغرا وەک من باڵای کشاوە. ئێستا خوشێکی جوانیشی هەیە.

بڕێک بالاّم بەرزبووە بەهێزتر دەتوانم لە حەساری قوتابخانە یاری بکەم. خەریکە لەگەڵ پەرتوکی خوێندن دەبمە هاوڕێ. ئاواش قاچم ئەندازەی گەورەدەبێ دەبێ باوکم ئەمساڵ کەوشی گەورەترم بۆبکڕێ.

خەلەوخەرمان هاتۆتەوەماڵ. ئەو ئاژەلاّنەی بۆ فرۆشتن و خەرجی زستان دیاری کرابوو چەندرۆژبوو چۆدارەکان هاتبوون کڕیوانن. باوکم لە فرۆشی گەنم و دانەوێڵە و ئاژەلەکان و ئەو چەندکاروانە قاچاخەی کردبووی بڕێک پوڵی سەریەک ناوە. ئەو دراوەی کۆیکردونەوە کاغزی سەوز و خورمایی و بڕێک سوورن. ئەو کاغەزە ڕەگیانە وێنەی شای ولاّتی لەسەر تۆمارە لای هەمووکەس زۆربەنرخن. کاتێک باوکم خەریکی ژماردنی دراوەکانە دایکم دەڵێ: حەبیب ئەو دراوە عەباسییە یان دینار.: کچێ عەباسی چی و دیناری چی نەجیب! ئەوە تمەنە دراوی ئێرانە ئەی هاوار چۆن ناوی عەباسیت لەبیرە!عەباسی دراوی شای سەفەویەکان بوو کچی ئیدی قسەی وا لەدەمت دەرنەچێ بەخوا سەرکارکازمی بەجەریمەش لێمان ڕازی نابێ.

## شەڕی بەگ دژی قوتابخانە و مامۆستاکانی گوند

کارمەندەکانی پازگا ناویان ئەمنیەیە. لیباسەکانیان بۆری تایبەتە هەرکام دوولینگەیەکی گورجییان لەپێیە زۆرگەج و گۆڵن. ئەوانە لای خەڵک پارێزەری یاسا و شەرەفی نیشتمانن. یاسای وڵات لای ئەوانە بەسەر خەڵک ئیجرادەبێ. ئەو پازگایە چەندساڵە هاتۆتە گوندی ئێمە. چەند جار مەئمورەکان گۆڕدراون. بڕێکیان ژن و منداڵیان لەگەڵە وەک خەڵک لەناو گوند ماڵیان بەکرێ تووە دەژین. ماڵی سەرکارکازمیش لە ناوگوندە. باوەگەورەم دەڵێ: ئەوانە حکومی ئەربابوڕعێتیان هەڵوەشاندووە دەبێ ڕێزیان لێبگرین.

بەجگە لە ئەشرەفبەگ کە لە پادشاهی گوند کەوتبوو ئیدی نەیدەوێرا توخون خەڵک بکەوێ و حکوم بکات. خەڵکی گوند وەک باوەگەورەم بیردەکەنەوە. نازانی خەڵک چەندرێز بۆ پازگا دادەنێن! هەرچی ماست و توێ شیر و ڕۆنی کەرە و هەنگوینی تازەیە بەدیاری دەدرێتە ئەوانە. چونکە ڕابە وەک دیلماجی سوغرا وایە بۆ لای هەموو نەخۆشێک لەگەڵیە، ئەو دەرکی ئەو ڕێزەی کردووە خەڵک بۆ حکومەت و کاربەدەستی میریان هەیە.

سوغرا زۆر دەمێک نییە وەک هاوسەری ڕەئیس پازگا و وەک مامۆستای گوند هاتووە. وەک لە کرداری دیارە لە توخمی ژنی هیچ ئەمنییەکی پازگا ناچێ! ئەو لە تورک و نەتەوەی بێگانە

ناچێ. ژنێک بە لیباسی هاکەزایی و کەوشی سادە و چڕوچاوێک وەک ژن و کچەکانی گوند دێتە سەرپۆل و سەردانی نەخۆشەکان دەکات. سوغرا دەڵێی کچی جووتیارەکانی گوندە دایم کۆڵێکی بەکۆڵەوەیە پڕە لەدەرمان و برین پێچ. کە دێتە سەرپۆل لە پێشدا دەست و نینۆکی قوتابیەکان سەیردەکات. چەند کەسی کردۆتە بەرپرس دەبێ هەموو بەیانیان بەوازلێن دەستی قوتابیە وردەکان چەورکەن. ئەوەی زامدارە خۆی تیماریان دەکات. لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵ دەبێ سەردانی ئەو ژن و کچ و منداڵە نەخۆشانە بکات وادەزانێ موحتاجی چاودێرین. ئەوە کارێکی کردووە سوغرا ئیدی بەژنی غەوارە و ژنە ئەمنیە و ژنی ڕەئیس نەیناسن. سوغرا هەزار شەقاو پێش کەسایەتی مەلای گوند و پیاوەماقوڵانی گوند کەوتووە. ئەوە کارێکی کردووە خەریکە گوندەکانی نزیک گوێ بیستی کەسایەتی سوغرادەبن. وەک ڕابە باس دەکات خەریکە نەخۆش لە گوندەکانی نزیک دێنە لای سوغرا بۆ تیماری برین و دەردەکانیان.

خەریکین لەگەڵ سوغرا دەبینە هاوڕێ. ڕابە دیلمانجی ئەوە وەک شاگردی سوغرابی بەیانی تا شەو لەگەڵیە. سوغرا هاموشۆی ماڵی ئێمەدەکا. بەخاتری سەمەد دایکم زۆر هێلکە دەداتە ماڵی سەرکار. سوغرا مامۆستای قوتابخانەیە. کاری تەبیبی و چارەسەری نەخۆشەکانی ئاوایش دەکات. ژنێک ئەسڵەن خوڕەفتاری لەگەڵ هاوسەرەکەی یەک ناگرنەوە. ژنێک زۆرسادە و بێتەکەبوور. پێی عەیب نییە تەپاڵە لەگەڵ کچ و ژنەکانی ئاوایی بپێژێ. قوتابیەکانی، کچ و ژنی گوندی فێرکردووە بەسابوون دەست و دەمووچاوبشۆرن. لەسەر ئامۆژگاری سوغرا خەڵک فێربوون ددان دەشۆن.

ئەو خیلافی هاوسەرەکەی و هەموو ژن و پیاوی گوند دەجولێتەوە. ئەهەمیەت بۆجودی بەگ دانانێت. ئەسڵەن کاتێک ئەشرەف بەگ بەسواری ئەسپەکی لە ڕاووگەڕان دێتەوە بەلای قوتابخانە تێدەپەڕێ و خەڵک تەعزیمی بۆدەکەن، سوغرا ئامادەنییە چاوی لێبکات. تەنانەت لەبەری هەڵنەستاوە. ئەشرەف بەگ لەو لووتبەرزی و خۆبەگەورەییەی سوغرا توڕەبوو. بۆیە قسەکەی نەنکم ڕاست دەرچوو شوشەی کچی حەمەفەرەج بۆیە ئاوا زوو بووە کڵفەتی ماڵی سەرکار، ئەوە چەند بۆ خزمەت بوو دەئەوەندە بۆ سوک کردنی سوغرابوو.

خەڵک دەیان زانی بۆ زیادە لەهەموو کەس حەمەفەرەج بڵاوی دەکاتەوە ڕەئیس پازگا لە بنەماڵەی ئاغاواتە! ئەوەش بۆ گەورە نیشاندانی ئەشرەف بەگ بوو. ئەمڕۆ حەمەفەرەج دەیگوت"جەناب ڕەیس پازگا لە بنەماڵەی دەرەبەگەکانی لای ئەردەبیڵە. ئەو کوڕی ئاغایە بۆیە هێندە بەدەمار و پۆزە. سوغرا خیلافی گەورەیی هاوسەرەکەی بوو! ئەو لەکۆڵان لای ژنانی گوند دادەنیشت چایی لەگەڵ دەخواردن. مامانی دەیان منداڵ بوونی گوندی کردبوو. ژنانی گوند دەڵێن: سوغرا لیباسی ژنە زەیستانەکانیش دەشوا. هەڵسوکەوتی سوغرا وایکردبوو هاوسەری ئەشرەف بەگ نەیدەوێرا تخوونی کەوێ. بۆئەوە فەرق و جیایی نەبێت، سوغرا کردبوویە یاسا دەبوو هاوسەری ئەشرەف بەگیش وەک ژنی گوند ئاسایی بۆچارەسەر بچنەلای نەک ئەو بچێتە ماڵی خان. ئەوە پێگەی سوغرای لای خەڵک بردبووە ئاسمان. سوغرا چۆن خزمەتی گوندی دەکرد. نەخۆشی چارەسەردەکرد. وانەی بەمنداڵەکان دەگوت ئاواش دژی ئەو ستەمانە دەوەستا پازگا و بەگ دەرهەق خەڵک دەیان کرد. دیان جار سوغرا ماڵ و کالای

**کاروانچییەکانی لە دەست پازگا ساندبۆوە دابوویەوە بە کاروانچییەکان.**

**پازگا دوو ئوتۆمبێلی بۆری تازەیان بوو. بەڵام چەند ئەسپی سواری زۆر تایبەتیشیان بوو. سەرکارو مەئمەرەکان بەسواری ئەسپ دەچوونە ئەو ئاوایانەی سەربە دەسەڵاتیان بوو. پۆلێک ئەمنیەی سوارچاک ئەسپی نایاب و بەدەماغیان لەژێردابوو بەغار و چوارناڵ هەوراز و دەشتەکانیان دەپێوا. ئەوانە یەکی تفەنگێکی بڕونی دارخورمایی لەشان خەڵک زەندەقی لێیان دەچوو. ئەوانە بەناوی شەڕ لەگەڵ چەتە و ڕێگر ڕاوی کاسپکار و کاروانچییەکانیان دەکرد.**

**خیلافی سوغرا هاوسەری یەک ژاندارم نەدەهاتنە ناوخەڵک. ئەوان زۆردوورەپەرێز دووریان لە خەڵکی گونددەکرد. کرداری سوغرا لەگەڵ مەئمورەکانی لێرەن جیایە. تەنانەت لەگەڵ ئەو مامۆستاییەی وانەی لەگەڵ دەڵێتەوە. سوغرا بەتەمەن لە هەموویان لاوترە، بەڵام لەڕووی کۆمەڵایەتی و تێکەڵاوی لە خەڵک زۆر لەپێش هەموویانە. کارە باشەکانی ئەو سێبەری خستۆتە سەر توڕەبوون و دەمارگرژی هاوسەری وەک ڕەئیس پازگا. کرداری سوغرا لەناو خەڵک ببووە سمبولی بەیەکەوەژیانی نەتەوەکان. سوغرا ئەو جەغەی تێکدابوو هەموو خەڵکی تورک و فارس وەک یەک دژی کوردن. یان کوردەکان نەتەوەنین! سوغرا جەغزێکی نوێی دەکێشا ژیان بۆ هەموان وەک یەک. خۆشیەکانی وەڵات بۆ هەموان وەک یەک. ئەوە بەرخیلافی هەستی سوغرا لەگەڵ ئەخلاقی زۆری هەرەزۆری ئەمنیە و کارمەندانی حکومەتی میری نەدەهاتەوە.**

هەرچی وانەی خوێندنمان لە قوتابخانە تێدەپەڕێ کرداری سوغرا فێری وانەی جودا لەوەی لە پەرتوکەکانە فێرمان دەکات. ئەو خەریکە ئەو خراپیانەش کاڵ دەکاتەوە دەڵێن: کاربەدەستانی حکومەت خراپن. ئەوە کاڵ دەکاتەوە تورک و فارس دوژمنی کوردن. سوغرا چۆن منداڵەکان فێری وانە دەکات ئاواش کچ و ژنی گوندی لە دەست سیل و زیبکە و منداڵ بوون و چارەسەری کرم و وشکەبیرۆ چارەکردبوو. هەوڵیدەدا گازندەی خەڵک لەسەر مەئمورەکانی حکومەت بوون کەم کاتەوە. ئەو نەخۆشانەی سوغرا بۆی چارەناکرێ. ئەو خەڵکەی توشی نەخۆشی قورسن لە چەلەی زستاندا سوغرا بە ئەوتۆمبیلی پازگا دەیان باتە شار بۆ چارەسەر. ئەو کارانەی سوغرا هیچ بەدڵی ئەشرەف بەگ و مەلای گوند. تەنانەت ئەمنییەکانی پازگان لەو کارانەی سوغرا بۆ خەڵکی دەکات پێیان نایاسایيە.

لە پۆلین. لەسەر کورسیەکان دانیشتوین چاوەڕێن مامۆستاکان بێن. ئەمڕۆ سەمەد لەپێش دایکی گەیشتۆتە قوتابخانە. زۆری پێناچێ وەک ڕۆژان سوغرا بەکۆڵەپشییەکەی لە شانییە لە حەساری قوتابخانە دەردەکەوێ. دەرگا دەکرێتەوە چاودێری پۆل دەنگ هەڵدەبڕێ: هەستن بۆ ئحتیڕام. سەیردەکەم مامۆستا وەک زۆر نەخۆش و هیلاک بێت دەچوو. ڕەنگی پەشۆکاو و سیس پێموایە توشی نەخۆشی پاییزەبووە. سوغرا هەموو نەخۆشی گوند چارەسەردەکات یانی دەرمانی ئازاری خۆیی نییە! مامۆستا قژی لەسەرچاوی لادەبات چروچاوی دەردەکەوێ ئەوەنییە ڕۆژان دەهاتەسەر پۆل. لێنووس و پەرتوکی وانەگوتن لەسەر مێزەکە دادەنێ. سەیری پۆلەکەدەکات. وەک دوێنێکە بەیانی شادی ڕوخساری دیارنییە. دەست هەڵدەبڕم لێیدەپرسم: مامۆستا تۆ

ناساخی؟ ئەوی بۆ بەوڕەنگە پەڕیوەت هاتوویە سەرپۆل. دەڵێیچی بابچم هەنگوین و زەنجەفیلدبۆبێنم: نا کوڕم ناساخ نییم. ڕۆحم لە دەست قسە و تۆمەتی بەتاڵ ناساخە. قسەکانی دوێنێکەم بیستبوو دەمزانی ئەوانە بەگوێ گەیشتوون.

سەمەد هیچ ناڵێ. دەچمەناو گومان و بیرکردنەوە پێموایە سوغرا کێشەی خێزانی لەگەڵ سەرکارهەیە. سەمەد ئەنیشیک لە تەنیشتم دەکوتێ: سۆراب بە دایکم دەڵێن کومونیستی پیشەوەریی. پێیدەڵێن فاتەڕەشی گەڵباخی. کارمەندی حیزبی تودە. بۆیە دایکم وا بێدەماغ و تورەیە. پێمبڵێ تۆ واتای ئەو ناوانە دەزانی؟ ئەوە جنێوە بەدایکم یان قسەی کۆڵانی گوندە ژنان دروستیان کردووە.

بە سەدای سەرتەی من و سەمەد دەبێتە هۆی گوێ قولاخی ئەو قوتابیانەی لێمان نزیکن. سوغرا چاومان لێدەکات تێدەگەین دەڵێ وەست ورتەمەکەن. لێنووسەکانمان لێک دەکەینەوە چەند هێڵ لە ڕووبەری لێنووسەکەمان لێدەدەین خۆشمان نزانین چمان نووسیوە. ڕابە وەک دیلمانجی سوغرا ئەویش هیچی نەکوتووە. ئێوارێ دێمەوە ماڵ گوێم لە هیچ نییە ڕابە بۆ دایکمی باس کردبێ. ئەو بێدەنگیە متمانەم پێدەدا کێشەی گەورەنییە بۆیە کەس قسە ناکات.

درێژەی هەیە...